# فرێزی ئاوەڵکرداریی لە زمانی کوردییدا

پ.ی.د.عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف
زانكۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

م.سازان زاهیر سەعید
زانكۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان/ بەشی کوردیی

پێشەکی:

ئـەم توێژینەوەیـە بـە ناونیشـانی (فرێـزی ئاوەڵکرداریـی لـە زمانـی کوردییـدا) ، تایبەتـە بـە فرێـزە ئاوەڵکرداریيـەکان وەك پێکهاتەیەکـی سەرپشـکیی لـە چوارچێـوەی فرێـزی کرداریيـدا. تـەوەری سـەرەکیی توێژینەوەکـەش، بـە پشـکنینو دواتـر دەستنیشـانکردنی ئـەو فیچـەرە واتاییانـەوە پەیوەسـتە، کـە بـۆ ناسـینەوەی پۆلەرەگـەزی ئاوەڵکـرداره فەرهەنگیـەکان Adv٠ گرنـگو بەهـادارن، بـەوەش زانیاریـە سـیمانتیکیيەکانیان، کـە لەرێـی فیچـەرە واتاییەکانـەوە بەرجەسـتەدەکرێن، دەبنـە بنەمـای فراوانکردنـی جۆرەکانـی دیکـەی ئاوەڵکـردار، کـە نەبوونیـان لـە فەرهەنگـی کوردییـدا، بۆشـایی سینتاکسـیی لـە پەسـنکردنی ئەدگارە جۆراوجۆرەکانـی فرێـزی کرداریـی VPو نیشـانەکردنی فرێـزی تـاف TP دا دروسـتدەکەن، بـەو هۆیەشـەوە، زۆرترینـی جۆرەکانـی فرێـزی ئاوەڵکردارییئاسـا Adv-، لـە جـۆری فرێـزی بەرهەمهێـنراوی سینتاکسـیی دەبـن. گرنگـە ئـەوەش بگوترێـت، توێژینەوەکـە بەپێـی رێبـازی پەسـنی شـیکاریی، ئەنجامـدراوە، نموونـەو بەڵگەکانیـش لـە زمانـی ئاخاوتنـی رۆژانـەی شـێوەزاری سـلێمانییەوە وەرگیـراونو تاقیکراونەتـەوە.

## ١/١ فرێزی ئاوەڵکرداریی

ئاوەڵکـردارەکان وەك پێکهاتەیەکـی سـەربار (١)، فرەجـۆرنو پەیوەسـت بـە ئـەدگاری سـیمانتیکیی نواندنەکانـی کـردارەوە، ئـەو زانیاریيانـە پەسـندەکەن، کـە لەنـاو دروسـتەی کـرداردا بەمۆرفیـم دەرناخرێـن، لـەم رووەشـەوە «لەبەرئـەوەی ئاوەڵکـردار ناشـکێتەوە، وەك وەچەگروپێکـی Subgroup واژەگۆکـەرەکان پۆلێنکـراوە» (٢). ئاوەڵکردارەکان لـەرووی دروسـتەوە دوو جـۆرن: (ا) ئاوەڵکـرداری فەرهەنگیـی Adv٠؛ ئەوانـەن، کـە بـە زانیاریـە سینتاکسـیيو واتاییەکانیانـەوە لـە فەرهەنگدا هەڵگیـراونو بەگشـتیی لـە زمانەکانـی جیهانـدا ژمارەیـان کەمـە. لـە کوردییـدا وشـەکانی /زوو، درەنـگ/ (٣) لـە جـۆری ئاوەڵکـرداری کاتیـی فەرهەنگییـن، کـە خاوەنـی فۆرمێکـی بنەرەتییـن. (ب) ئاوەڵکـرداری سینتاکسـیی Adv-؛ ئـەو جۆرانـە دەگرنـەوە، کـە لـە سینتاکسـدا بەهـۆی جێکەوتـەو هەبوونـی واتـای ئاوەڵکردارییـەوە بەرهەمدەهێنرێـن، بەمـەش پێشـبینیی ئـەوە دەکرێـت، مۆرفۆلۆژیـیو سـینتاکس بەهـۆی دروسـتکردنی وشـەی مۆرفۆلۆژیـیو بەرهەمهێنانـی دروسـتەی سینتاکسـییەوە، ئـەو کەلێنـە واتاییانـە پڕبکەنـەوە، کـە پێدەچێـت لـە فەرهەنگـی زمانەکـەدا هەبـن. بەوپێیـەی «ئـەو چەمـكو ناوەڕۆکانـەی هـەنو سیمای فرێزەشـکاوەکانی نـاو بەشـە کـردار (Predicate) نیشـاندەدەن، لـە مۆرفۆلۆژیـیو سینتاکسـدا فۆرمیـان بـۆ دادەڕێژرێـتو بەجەسـتەدەکرێن» (٤)

## ٢/١ فرێزی ئاوەڵکرداریيو مەوداکانیان

بەپشتبەسـتن بـە ئـەو بنەمایـەی، لەنـاو هـەر توخمێکـی فەرهەنگییـدا بەلایەنـی کەمـەوە چـوار زانیاریـی هـەن: (١) زانیاریـی فۆنۆلۆژیـی، (٢) زانیاریـی مۆرفۆلۆژیـی، (٣) زانیاریـی سینتاکسـیی، (٤) زانیاریـی سـیمانتیکیی، لەنـاو ئاوەڵکرداره فەرهەنگییەکانیشـدا دوو لـەو زانیاریيانـە بـۆ پێـواژۆی پێدانـی واتـای ئاوەڵکرداریـی بـە دانـەی تر، گرنـگو پێویسـتن، ئەوانیـش: (١) زانیاریی سینتاکسـیی، کـە بـە دروسـتە، پۆلەرەگـەزو جێکەوتـەی بەکارهێنان_ئەرکـی سینتاکسـیی_ەوە پەیوەسـتە. (٢) زانیاریـی واتایـی، بـە کاتو شـوێنو چۆنێتیـی ڕوودانـی کـردارەوە بەنـدە. بـەوەش زانیارییەکانـی (کات، شـوێن، چۆنێتیـی)، فیچـەری ئاوەڵکرداریيـنو بەهـۆی فـۆرم/


دروستەی ئاوەڵکرداریــیەوە لــە فەرهەنگدا پەســنکراون.

گرنگــە ئامــاژە بــەوەش بدرێــت، ئەگەرچیــی فرێزی ئاوەڵکرداریی، پرۆژەی ســەری ڕێزمانیی ئاوەڵکــرداره (٥)، واته ئاوەڵکرداره‌کان وەك ســەری AdvP گۆدەکــەن (٦)، کەچیــی ئاوەڵکــردارەکان لــە جــۆری فرێــزی هەڵــواسراون، بەوپێیــەی «ئــەو پێکهاتانــە لەلایــەن پریدیکاتــەوە داواناکرێــن»(٧)، بۆیــە لــە دەرەوەی پرۆژەســازداندان، چونکــە ئارگومێنت_داواکراو نیین‌و بەهۆی وشــەی بەدەســەڵات/ پرۆژەســازدەرەکانەوە بەرهەمناهێنرێــن، بەڵکــو سەرپشــکییانە لــە سینتاکســدا بونیاتدەنرێــن. لەلایەکــی دیکــەوە، ئاوەڵکــرداری کاتیــی لــەو ڕووەوە، کــە پەیوەســتن بــە پێدانــی زانیاریــی لەبــارەی کاتــەوە، لەنــاو بەشــەکرداراو لــە ســنوری فرێــزی تافــدا ڕوودەدەن، نــەك فرێــزی کرداریــی، چونکــە «فرێــزی کرداریــی لــە زمانــی کوردییــدا پــرۆژەی ڕەگــی کردارەکانــن. لەبەرئــەوەی ڕەگــەکان تافیــان تێــدا نییــە، بۆیــە ئاوەڵکــرداری تــاف ناچنــە (Specifier/Spec.) ی فرێــزە کردارییەکانــەوە» (٨). بەپێچەوانــەوە ئاوەڵکــرداری شــوێن‌و چۆنێتیــی، جیــاواز لــە ئاوەڵکرداری کاتیــی، بــە فرێــزی کردارییــەوە هەڵدەواسرێــن‌و نــۆدی VP حوکمیانــدەکات، چونکــە لەلایــەك سیمانتیکییانە بــە خســتنەڕووی زانیاریــی لەبــارەی شــوێن‌و چۆنێتیــی ڕوودانــی کــردارەوە پەیوەســتن، لەلایەکــی دیکەشــەوە، جگەلــە هەبوونــی مۆرفیمــی تــاف، لەنــاو کــرداردا هیــچ مۆرفیــم‌و نیشــانەیەکی دیکــە، ئاماژەپێــدەری چۆنێتیــی‌و شــوێنی ڕوودان نییــن.

## ٣/١ ئاوەڵکرداری کاتیی

وەك پێشــتر ئامــاژەی پێــدرا، خــودی ئــەو زانیاریــە واتایــی‌و سینتاکســییانەی لــە ناواخنــی ئاوەڵکــرداری فەرهەنگییــدان، دەبــن بــە پێــوەرو بنەمــا بــۆ بەرهەمهێنانــی فرێــزی ئاوەڵکرداریــی سینتاکســیی، هەربۆیــە کاتێــك دەرفــەت بــە پۆلەڕەگەزەکانــی دیکــە دەدرێــت دەرکەوتنــی ئاوەڵکرداریــان هەبێــت، کــە ســیمانتیکییانە پەیکاڵــی نیشــانەکانی ئاوەڵکــرداره فەرهەنگییــەکان بــن، چونکــە «هەبوونــی ئاوەڵکــرداری کات لــە فەرهەنگــی زمانــی کوردییــدا، بەواتــا هەبوونــی جێکەوتــەی سینتاکســیی‌و نیشــانەی ئاوەڵکردارییــی»(٩)، واتــە بوونــی ئــەو (adv٠) یانــە لــە فەرهەنگــدا، بەڵگەیــە بــۆ هەبوونــی زانیاریــی سینتاکســیی‌و واتایــی، بــۆ ئەمــەش دەبێــت ئــەو فیچەرانــە هەڵبهێنجیــن، کــە زانیاریــی ئەبســتراکتی ناواخنــی ئاوەڵکردارەکانــن، تــا ببنــە پرنســیپی بەکاربردنــی ئاوەڵکردارییانــەی پۆلەڕەگەزەکانــی دیکــە. بــۆ نموونــە تەنهــا ئــەو ناوانــە ڕێیاندەدرێــت لەسینتاکســدا جێکەوتــەی ئاوەڵکردارەکانــی /زوو، درەنــگ/ بگــرن، کــە لــەڕووی واتــاوە بەهەمــان شــێوەی ئــەو ئاوەڵکردارانــە، فیچــەری کاتیــان تێــدا بێــت، کەواتــە بــۆ ئــەو توخمانــەی، خۆیــان واتــای ئاوەڵکردارییــان تێدایــە، خشــتەی (١) نەخشــەدەکێشرێت.

خشتەی یەك




فۆڕمەکانــی /پاییــز، هاویــن/، بۆیە دەتوانــن لــە جێکەوتــەی سینتاکســیی ئاوەڵکــرداره فەرهەنگییەکانــدا بێــن، چونکــە هەردووکیــان

لە زانیاریی دەربڕینی واتای کاتو نیشانەکردنیدا هاوبەشن، بە دەربڕینێکی دیکە، هەمان فیچەری ]+کات[ هەردوو پۆلەڕەگەزەکە کۆدەکاتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی /پاییز، هاوین/ سەر بە پۆلەڕەگەزی ناو N٠ ن، ئەو فرێزانەی بەهۆی ئەم ناوانەوە بەرهەمدەهێنرێن، تەنها فرێزی دیارخەریی دەبن (بڕوانە (١_ا))، بۆیە توانای بوون بە ئاوەڵکردارییان نییە، مەگەر بە هەمان زانیاریی ]+کات[ەوە لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا بەکاربهێنرێن، ئەوکات لەجۆری فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای سینتاکسیی دەبن.

١_ا. هاوین زوو گەڕایەوە.

ب. پاییز سەیرانێکمان ڕێکخست.

پ. سەیرانێکمان ڕێکخست.

ت. مانگی یانزە/ ڕۆژی ٧ ی مانگی یانزە سەیرانێکمان کرد.

فرێزە هەڵواسراوەکان لە سینتاکسدان، بەوەش ئاوەڵکردارەکان _جگە لە /زوو، درەنگ/_، نواندنی فەرهەنگیی X٠ یان نییە، هەربۆیە هاوشێوەی ئارگومێنتی دەرەکیی، ڕاستەوخۆ دەچنەناو پێکهاتەی (٣)وەو دەکرێن بە فرێز. بۆ نموونە پەیوەست بە گۆکردنی بکەرییەوە، لە (١_ا)دا /هاوین/ دەتوانێت گۆکردنی DP ی هەبێت، بەوەش گۆکردنە فرێزییەکەی ڕێیدەدات ڕاستەوخۆ لەناو دروستەی قووڵ/ پێکهاتەی (٣)دا دابنرێت، بێ ئەوەی پێویستی بە بڕینی پێکهاتە سینتاکسییەکانی پێش قۆناغی واتایی هەبێت (بڕوانە هێڵکاریی (١_ا)). ناوەکە دەبێتە DP یەکی دۆخدار، چونکە (ا) وادادەنرێت هەموو بکەرێك نواندنی فەرهەنگیی y[ +D] ی هەیە، واتە بەهۆی سەرێکی دەرنەبڕراوەوە دروستەکە بەرهەمدێت، بەوەش /هاوین/ وەك بەشەبکەر جێکەوتەی Spec دەگرێت، Spec (١٠) یش جێکەوتەی کەرەستەیەکی دۆخدارە. (ب) خاڵی (ا) پاساوی سینتاکسیی بۆ ئەوە دەهێنێتەوە، کە DP ی }هاوین{ لە ڕێسای پڕۆژەسازدانی فراوانکراودا ڕاستەوخۆ دەچێتەناو پێکهاتە واتاییەکەوە، هەروەك هەمان لێکدانەوەش بۆ AdvPی }هاوین{، دەستدەدات (بڕوانە هێڵکاریی (١_ب)).

هێڵکاریی (١_أ)

هاوین

DP

$N^0$

هێڵکاریی (١_ب)

هاوین

AdvP


$N^0$


لە (١_ب)دا لەبەرئەوەی /پاییز/ جێکەوتەی ئاوەڵکرداری گرتووە، کەواتە هیچ دۆخێکی نابێت، چونکە ئاوەڵکردار

لەو کەرەستە زمانییانەیە، کە نە دۆخ دەداتو نە دۆخیش وەردەگرێت. هەروەك بۆ دۆزینەوەی جێکەوتەی ناوەکە / پاییز/، پشت بە زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکانی /زوو، درەنگ/ بەستراوە، بەوەش ئەو کەرەستە/ ناوانەی لەڕووی واتاوە پەیکاڵی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکانی /زوو، درەنگ/ بن، دەتوانن لە جێکەوتەی ئەواندا ئاوەڵکردارئاسا ڕووبدەن، (بڕوانە هێڵکاریی (٢_ا))، کە دەریدەخات، /پاییز/ وەك توخمێکی فەرهەنگیی $N^0$، ڕاستەوخۆ جێکەوتەیەك لە پێکهاتەی (٣)دا دەگرێت، کە گۆکردنی فرێزی لەجۆری Adv- ی دەبێت، دواتریش جێکەوتە هەڵواسراوەکەی هێڵکاریی (٢_ب)، بۆچوونەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەوپێیەی بە ناوێك پڕکراوەتەوە، کە جێکەوتە سینتاکسییەکەی، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای پێبەخشیوە، بەوەش $N^0$ ی /پاییز/، نابێتە تێکردەی هیچ کام لە پێکهاتە سینتاکسییەکانی (١، ٢)، بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەست بە جێکەوتەکەیەوە کەرەستەیەکی سەرپشکییە، بۆیە گۆکردنە فرێزییەکەی، ملکەچی جێبەجێکردنی ئەو مەرجە سینتاکسییانە نابێت، کە بۆ گۆکردنی هەر فرێزێك لەئارادان.

لە (١_ب)دا لەبەرئەوەی /پاییز/ جێکەوتەی ئاوەڵکرداری گرتووە، کەواتە هیچ دۆخێکی نابێت، چونکە ئاوەڵکردار لەو کەرەستە زمانییانەیە، کە نە دۆخ دەداتو نە دۆخیش وەردەگرێت. هەروەك بۆ دۆزینەوەی جێکەوتەی ناوەکە /پاییز/، پشت بە زانیارییە سینتاکسییو واتاییەکانی /زوو، درەنگ/ بەستراوە، بەوەش ئەو کەرەستە/ ناوانەی لەڕووی واتاوە پەیکاڵی ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکانی /زوو، درەنگ/ بن، دەتوانن لە جێکەوتەی ئەواندا ئاوەڵکردارئاسا ڕووبدەن، (بڕوانە هێڵکاریی (٢_ا))، کە دەریدەخات، /پاییز/ وەك توخمێکی فەرهەنگیی $N^0$، ڕاستەوخۆ جێکەوتەیەك لە پێکهاتەی (٣)دا دەگرێت، کە گۆکردنی فرێزی لەجۆری Adv- ی دەبێت، دواتریش جێکەوتە هەڵواسراوەکەی هێڵکاریی (٢_ب)، بۆچوونەکە پشتڕاستدەکاتەوە، بەوپێیەی بە ناوێك پڕکراوەتەوە، کە جێکەوتە سینتاکسییەکەی، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای پێبەخشیوە، بەوەش $N^0$ ی /پاییز/، نابێتە تێکردەی هیچ کام لە پێکهاتە سینتاکسییەکانی (١، ٢)، بەڵکو لەبەرئەوەی پەیوەست بە جێکەوتەکەیەوە کەرەستەیەکی سەرپشکییە، بۆیە گۆکردنە فرێزییەکەی، ملکەچی جێبەجێکردنی ئەو مەرجە سینتاکسییانە نابێت، کە بۆ گۆکردنی هەر فرێزێك لەئارادان.

هێڵکاریی (٢_ا)



لە (١_پ)دا لەبەرئەوەی تافی کردارەکە تافێکی ئەبستراکتی ڕابردووە، بۆیە زانیاریی ڕەهای لەسەر دیاریکردن و نیشانەکردنی کات تێدا نییە، بەڵکو تەنها زانیاریی لەبارەی ڕوودانی کردارەکە لەڕابردوودا دەستدەخات، لەبەرئەوە زانیارییەکان کراوەو نادیاریکراو دەبن، هەربۆیە «تاف وەك کەتیگۆرییەکی گراماتیکیی، پێویستی بە نیشانەکردن هەیە بەهۆی کەتیگۆرییەکی دیکەوە» (١١) ، بۆ نموونە ئەو زانیارییەی لە (١_پ)دا پەیوەست بە کاتی ڕوودانەوە بە گوێگر دەگات، لێڵ و ناڕوونە، بەوەش هەڵگری کۆمەڵێك وێناو ئەگەری جیاواز دەبێت، بەو واتایەی، گۆڕاوەو پێدەچێت چەند تەسەورێك لای گوێگر بەجێبهێڵێت، هەروەك دەشێت کاتی ڕوودانەکە بۆ گوێگر /هاوین، پاییز، زستان، بەهار، دوێنێ، پێرێ،....تاد/ بێت، بەڵام لە (١_ب)دا دەرکەوتنی سینتاکسییانەی /پاییز/ لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا، تافەکە نیشانەدەکات. بەوەش فرێزی ئاوەڵکردایی و ئاوەڵکرداریئاسا، دەبنە کۆنکرێتکەری تافی ڕوودان، چونکە لەڕووی واتاوە زانیاریی زیاترو زۆرتر لەبارەی کاتی ڕوودانەوە دەدەن، لەوەش زیاتر، هەندێك ناوی دیکەی ئاوەڵکردارئاسا هەن، بڕی زانیاریی زیاتریان تێداهەڵگیراوە، بۆیە ڕوونترو دیاریکراوتر زانیاریی کاتی ڕوودان ئاشکراو جێگیردەکەن، نموونەی (١_ب) بە (١_ت) بەراوردبکە! بەوەش: ئاوەڵکردارەکانی کات: (ا) جڵەوی نیشانەکردنی فرێزی تاف TP یان گرتووە. (ب) دەکەونە ژێر ڕکێفی نۆدی TP یەوەو لەلایەن ئەویشەوە حوکمدەکرێن. هاوکات لەبەرئەوەی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان دۆخیان نییە، جێگۆڕکێ پێکردنیان لە ڕستەدا ئازادو ڕێپێدراوە (بڕوانە (٢)).

٢_ا. ئێوەم لەبازاڕ بینی دوێنێ.

ب. دوێنێ ئێوەم لەبازاڕ بینی.

بەپێی ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە بێت، Adverb زاراوەیەکە بۆ ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی، کە دەبنە پێوەرو بنەما بۆ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵکرداریئاسا Adverbial لە سینتاکسدا، ئەمانیش «جومگەی ڕستەن، کە ئاکارو ئەدگاری ڕووداوێك و کردەیەك، پەیوەست بە کات، شوێن، جۆرو شێوەو...هتد وەە ڕێکدەخەن» (١٢)، لەم ڕوانگەیەوە بۆئەوەی ئەم ئاوەڵکردارانە ڕووبدەن، دوو مەرج لەئارادان:

١. هەبوونی واتای ئاوەڵکرداریی (کات، شوێن، چۆنێتیی) لە توخم/ پۆلەڕەگەزەکەدا.

٢. بەکارهێنانی جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکردار.

بەمپێیە Adverb پۆلەڕەگەزی دیکەن و بەهۆی جێبەجێکردنی ئەو مەرجو بنەمایانەی سەرەوە، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداریئاسایان دەبێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەموو فرێزێك لە قۆناغی پێش_سینتاکسییدا، نواندنێکی فەرهەنگیی دەبێت، کە بنچەو بنەڕەتێکی فەرهەنگییەو بنەمای بەرهەمهێنانە سینتاکسییەکەی مسۆگەردەکات. بۆ نموونە /باش/ لە فەرهەنگدا لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناوە، کەچیی لە سینتاکسدا بەهۆی بەکارهێنانی لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا پەیوەست بە چۆنێتیی ڕوودانی کردارەکەوە، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداریی Adv- دەبێت (بڕوانە (٣_ا))، بەوەش لەناو فرێزە کردارییەکەدا ڕوودەدات. لە (٣_ب،پ) شدا فرێزەکانی }بەخێرایی، لەهەولێر{ لەڕووی دروستەوە فرێزی پێشناویین، کەچیی لەڕووی ئەرکەوە جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە سینتاکسدا پڕدەکەنەوە، ئەویش بەهۆی بوونی واتای ئاوەڵکردارییەوە تیایاندا.

٣_ا.منداڵەکە باش خەوت.

ب. ئەو بەخێرایی کارەکەی ڕاپەڕاند.

پ. ئەوان لە هەولێر گەڕانەوە.

کەواتە پێویستە زانیارییە فەرهەنگییەکان لە توخمێك_ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی_دا هەبن (١٣)، تا بکرێنە پێوەرو بەهۆیانەوە کەرەستەی زمانیی دیکە، بەهەمان واتاوە لە سینتاکسدا گۆبکەن (بڕوانە (٤))، هەروەك «باشترین ڕێگا، بۆ

دەستنیشـانكردنی ئـەو كەرەسـتانەی، ئـەم چەشـنە فرێـزە دادەڕێـژن، سینتاكسـە» (١٤).

٤- . /زوو، درەنگ/
+ بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵكرداریی
- دۆخپێدەر
- دۆخ وەرگر
+ ئەركی سینتاكسیی دەرخەری تاف

بـە پشتبەسـتن بـە (٤)، بـۆ گۆڕینـی ئاوەڵكردارییانـەی توخمێـك لـە پۆلەڕەگـەزی جیـاواز، پێویسـتە ئـەم زانیاریـی و فیچەرانـە بكرێنـە مـەرج، وەك لـە خشـتەی (٢)دا زیاتـر ڕوونكراوەتـەوە:

خشتەی (٢) پێدانی زانیاریی Adv٠ی بە پۆلەڕەگەزەكان




هـەر توخمێكـی فەرهەنگیـی، پەیوەسـت بـە جـۆری پۆلەڕەگەزەكەیـەوە، زانیاریـی زمانیـی جیـاوازی تێـدا هەڵگیـراوە، بـەوەش جیاوازیـی زانیارییەكانـی ناواخنـی هـەر توخمێـك، گۆڕینـی جیاوازیـان لـە سینتاكسـدا پێـدەدات. بـۆ نموونـە وشـەی /هاویـن/، زانیاریـی واتایـی و سینتاكسـیی وەك ئارگومێنـت/ پۆلەڕەگـەزی (نـاو) تێدایـە، نـەك وەك ئاوەڵكـردار (بڕوانـە (٥))، هەمبـەر بەمـە وشـەكانی /زوو، درەنـگ/ بەوپێیـەی ئاوەڵكـردارن، زانیاریـی ئاوەڵكردارییـان تێدایـە، وەك لـە (٤)دا نیشـاندران، بـەوەش ئـەو زانیارییانـەی لـە /زوو، درەنـگ/دا هـەن، لەوانـە جیـاوازن، كـە لـە نـاوی ئاوەڵكرداریـی /هاویـن/دا هـەن. لـە /هاویـن/دا، واتـا فەرهەنگییەكـەی، هەلومەرجـی گۆڕانـی زانیارییەكانـی بـە ئاوەڵكـردار بـۆ دەرەخسـێنێت، چونكـە مەرجـی بـوون بـە ئاوەڵكـردار بـۆ هـەر توخمێـك، لەسـەر ئـەو زانیارییانـە وەسـتاوە، كـە نـاوەڕۆك و واتـای توخمەكـە لـە بنەڕەتـدا دەریاندەبڕێـت (بڕوانـە (٤، ٥))، هەربۆیـە بەهـۆی هەبوونـی فیچـەرە واتاییەكـەی ]+كات[ەوە لـە /هاویـن/دا، كەرەسـتەكە دەبێتـە هەڵگـری واتـای ئاوەڵكـرداری كاتیـی، ئەمـەش بەسـە بۆئـەوەی ڕێپێبدرێـت لـە جێكەوتـەی ئاوەڵكـرداردا دەركەوتنـی سینتاكسـیی هەبێـت.

٥. هاوین/ ناو
+ بەرهەمهێنانی فرێزی دیارخەریی
+ دۆخ وەرگر
+ ئەركی سینتاكسیی

بەمپێیە، بۆئـەوەی /هاویـن/ ببێـت بـە فرێـزی ئاوەڵكردارییئاسـا، دەبێـت لەناوبخرێـت، واتـە ئـەو زانیارییـە فەرهەنگییانـە لەدەسـتبدات، كـە توخمەكـە لەبنەڕەتـدا هەیەتـی، چونكـە بەهەمـان پۆلەڕەگـەزی (نـاو)ەوە، ناتوانێـت گۆكردنـی فرێـزی ئاوەڵكرداریـی هەبێـت، بەڵكـو وەك لـە (٥) دا نیشـاندراوە، توخمەكـە لـە بنەڕەتـدا سینتاكسـییانە فرێـزی دیارخەریـی DP بەرهەمدێنێـت، ئـەوەش دەیكاتـە كەرەسـتەیەكی دۆخـدەرو هـەم دۆخ_وەرگـر، جگـە لـەوەی گۆكردنـی سینتاكسـیی جیـاواز لـە

ئاوەڵکرداری دەبێت، کە هیچ زانیارییەك لەبارەی کردارەوە نادات. لەبەرامبەردا، مەرجی ئاوەڵکردار لە فەرهەنگدا چەسپاوە، هەربۆیە ئەو مەرجانە دەکرێنە پێوەر بۆئەوەی ئەم ئاڵوگۆڕە لە ناو Nەوە بۆ ئاوەڵکردار، پەیوەست بە واتاو جێکەوتەوە لەچوارچێوەی سینتاکسدا ڕووبدات.

لەڕووی جێکەوتەوە، ئاوەڵکردار دەچێتەناو فرێزە هەڵواسراوەکانەوە، چونکە:

١. کەرەستەیەکی دۆخدەر نییەو هاوکات دۆخیش وەرناگرێت.

٢. لەسەرەوریزبوونو بەدوایەکداهاتنی کەرەستەکانی ڕستەدا، جێکەوتەیەکی چەسپاوی نییە، بەڵکو لە جوڵانو جێگۆڕکێپێکردندا ئازادە.

٣. لەڕووی سینتاکسییەوە دەتوانرێت دەرنەبڕدرێت_لابرێت_، چونکە وەچەپێکهاتەیەکی خورتییو بنەڕەتیی ڕستە نییە، بەڵکو «سەربارەکان سەرپشکیینو زانیاریی زیادە دەردەبڕن» (١٥)، بەواتا «سەربارەکان گراماتیکییانە داواناکرێن، بۆیە ئازادن» (١٦) و هەر لەبەرئەوەشە بە ئارگومێنت دانانرێن.

٤/١ ئاوەڵکرداری شوێنیی (١٧)

هەر لەڕوانگەی چەمکە ئاوەڵکردارییەکانەوە، جگەلە ئاوەڵکردارە فەرهەنگییەکانی /زوو، درەنگ/، ئاوەڵکرداری شوێنییمان نییە، کە بە زانیارییەکانییەوە لە فەرهەنگدا هەڵگیرابێت، بۆیە دەبێت بەپێی ئەو پێوەرانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، ئەم جۆرە ئاوەڵکردارە لە سینتاکسدا بەرهەمبهێنرێت. بۆ نموونە ناوەکانی/سلێمانی، شار/، کە لە بنەڕەتدا ئارگومێنتو زانیاریین، واتای ئاوەڵکرداری شوێنیان تێدایە، چونکە ناوی شوێنو جێگەن، بۆیە هەبوونی واتای ئاوەڵکرداریی، ڕێیاندەدات لە سینتاکسدا جێکەوتەی ئاوەڵکردار بگرنو بەوەش، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداری شوێنییان هەبێت.

٦. من بۆ شار/ سلێمانی دەچم.

لە (٦)دا پێشناوی سینتاکسیی /بۆ_/، ناتوانێت (ناو) لە ئاماژەپێکەرێکی گشتییەوە بۆ ]+ناوی شوێن[ بگۆڕێت، بەڵکو دەبێت زانیاریی شوێن لە خودی ئەو (ناو)ەدا هەبێت، کە ئاخێوەر مەبەستیەتی جێکەوتەی ئاوەڵکرداری شوێنیی پێپڕبکاتەوە. کەواتە /شار/(١٨) لەبنەڕەتدا واتای شوێنی تێداهەڵگیراوە، بۆیە دەتوانێت گۆکردنی ئاوەڵکرداری هەبێت، پێشناوی /بۆ_/ش، تەنها ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ ناوەکە دەستەبەردەکات، بەوەش پێشناوە سینتاکسییەکە، دۆخی ئەکوزەتیڤ بە تەواوکەرەکەی دەدات، بەڵام فرێزە پێشناوییەکە، کە فرێزی ئاوەڵکردارئاسای شوێنییە، جگە لە حوکمکردنی، هیچ دۆخێکی لەلایەن کردارەکەوە پێنادرێت، چونکە کردارەکە تێنەپەڕە، بەوەش لەناواخنیدا هیچ ویستێکی فەرهەنگیی نییە، لەبەرئەوە دەربڕینی PP یەکە، سەرپشکییو ئارەزوومەندانە دەبێت.

ناوەکانی /سەر، ژێر، بەرامبەر، تەنیشت، پێش، پاش،...هتد/ ئەگەرچیی واتای ئاوەڵکردارییان هەن، بەڵام ناتوانن لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەرکەوتنیان هەبێت، چونکە بەتەنها گۆکردنیان نییە، بەڵکو ئەو واتا ئاوەڵکردارییانەی لە ناواخنیاندا هەڵگیراون، بەهۆی ناوێکەوە بەرجەستەیاندەکەن، بەوەش هەردووکیان پێکەوە، جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارئاسای شوێن دەگرن (بڕوانە (٧_پ)).

٧_ا. * گوڵدانەکەم سەر/ مێز دانا

ب. * گوڵدانەکەم سەرمێزەکە دانا

پ. گوڵدانەکەم لە سەرمێزەکە دانا.

نموونـەی (٧_ا) نادروسـتە، چونکـە نـاوی ئاوەڵکرداریـی /سـەر/، پێویسـتی بەناوێکـە، کـە واتـای شـوێنی تێدابێـت، بۆئـەوەی واتـا ئاوەڵکرداریيەکـەی خـۆی بـۆ بگوێزێتـەوە، چونکـە بەهـۆی ناوەکـەوە، واتـای ئاوەڵکردارەکـە بەدیاریکراویـی ڕووندەبێتـەوە، هـەروەك /مێز/یـش، لەبەرئـەوەی فیچـەری ]+ شـت[ ی هەیـە، بەهەمـان شـێوە ناتوانێـت ئـەو گۆکردنـەی هەبێـت، بەڵکـو دەبێـت بەهـۆی نـاوی ئاوەڵکرداریيـەوە بـۆ ]+ نـاوی شـوێن[ بگۆڕێـت، بـەوەش لەناویـی دەخرێـتو هـەم دۆخیشـی نابێـت. لـە (٧_ب) یشـدا، ئەگەرچیـی نـاوی /مێـز/، پێویسـتیی نـاوە ئاوەڵکرداریيەکـەی بـۆ بەهەمهێنانـی فرێـزی ئاوەڵکرداریـی تێرکـردووە، کەچیـی ڕێگەپێنـەدراوە، چونکـە ڕێگادانـی سینتاکسـیی بـۆ دەسـتەبەرنەکراوە، بەڵکـو تەنها بەهـۆی /سـەر/ەوە لەنـاوی شـتەوە بـۆ ناوێـك گـۆڕاوە، کـە فیچـەری ]+ شـوێن[ی هەیـە، کەواتـە بۆئـەوەی پرۆژەکـە تـەواو و بـێ کەموکوڕیـی بێـت، دەبێـت پێشـناوەکان دۆخیـان بدەنـێ، چونکـە پێدانـی دۆخو حوکمکردنیـان، مەرجـی ڕوودانیانـە لـە جێکەوتـەی فرێـزدا، بۆیـە لـە (٧_پ)دا پێشـناوەکە (١٩) مۆڵەتـی گۆکردنـی سینتاکسـیی بـە دروسـتەی فرێـزی }سـەرمێز{ دەبەخشـێتو دۆخـی ئەکوزەتیڤیی پێـدەدات، بـەڵام فرێـزە پێشـناوییەکەی }لـە سـەرمێزەکە{ لەلایـەن کردارەکـەوە هیـچ دۆخێکـی پێنادرێـت، چونکـە وەك پێشـتر خرایـەڕوو، ئاوەڵکـردارەکان دۆخـی ڕێزمانیـی وەرناگـرن.

٨_ا. ژێرمێزەکەی گسکدا.

ب. ژوورەکەی گسکدا.

پ. جانتاکە ژێرئاوکەوت.

ت. * کەشتییەکە ژێر نەوت کەوت

ج. ملوانکەکەم لەژێر ئاوەکەدا دەرهێنایەوە.


ح. بازنەکەم کەوتە ژێرئاوەکەوە.

خ. جانتاکە کەوتەناو ئاوەکەوە.

د. تەرمەکە سەرئاوکەوت.

لـە (٨_ا)دا، }گسـکدا{ کردارێکـی تێپـەڕە، بۆیـە لـە پۆلەڕەگەزدیاریکردنـە فەرهەنگییەکەیـدا پەیـڕەوی یاسـای [DP]+V٠ دەکات، واتـە بـۆ تێرکردنـی فرێـزە کردارییەکـە، لـە ویسـتە فەرهەنگییەکەیـدا تەواوکەرێـك داوادەکات، کـە دەشـێت یەکێـك لـە فیچەرەکانـی ]+شـوێن[ بێـت، ڕسـتەکە بـە(٨_ب) بەراوردبکـە! لەمـەوە، هەرچەنـدە فرێـزی }ژێرمێـز{ بەهـۆی نـاوی شـوێنیی / ژێـر/ەوە، واتـاو زانیاریـی ئاوەڵکـرداری شـوێنیی دەدات، کەچیـی فرێزەکـە ئارگومێنتـەو لەلایـەن کردارەکـەوە هەڵاوێردەکرێـت، بـەوەش فرێـزە دیارخەرییەکـە وەك تەواوکـەری کـردار، گۆکردنـی بەرکاریـی دەبێـت، نـەك ئاوەڵکرداریـی، بۆیـە لەلایـەن کـردارەوە دۆخـی ئەکوزەتیڤیـی پێدەدرێـت، نـاوە ئاوەڵکردارییەکـەی /ژێر/یـش، دەبێتـە دەرخـەری پێشـەوەی D- یەکـەو بـە DP یەکـەدا هەڵدەواسرێـت (بڕوانـە هێڵکاریـی (٣)).

**هێلکاری (٣)**




نموونەو داتاکانی (٨ـا،پ)، تەواو لەیەکجیاوازن، چونکە لە (٨ـا)دا وەك گوترا، }ژێرمێز{ دروستەیەکی سینتاکسییەو بەهۆی ناوی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ژێر/ەوە بەرهەمهێنراوە، کە ئارگومێنتێکی خورتییو داواکراوی کردارەکەیە، بەڵام لە (٨ـپ)دا فۆرمی }ژێرئاوکەوت{، کردارێکی بەلێکسیمبووی فەرهەنگییە، هەربۆیە وەچەپێکهاتەی بەشەکردار_ پریدیکات_ی ڕستەکە پێکدەهێنێت، بەوەش سەری ڕێزمانیی پڕۆژەسازدەرەو لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەیدا، پەیڕەوی یاسای V٠ + ]... [ دەکات، بەوپێیەی لەڕووی هێزەوە تێنەپەڕەو هیچ ویستو ئارگومێنتێك لەناواخنیندا هەڵنەگیراوە. بەلێکسیمبوویی ئەم فۆڕمە، هۆکارە بۆئەوەی نەتوانرێت کردارە فەرهەنگییەکە بۆ کەرت/ یەکە پێکهێنەرەکانی شیتەڵبکرێت، بەمەرجێك بەهەمان واتاو زانیارییەوە بێت، لەتەکئەمەیشدا، ڕێگە بە کردەی ئاڵوگۆڕ، یاخود لەبریدانانی هیچ کام لە یەکەکانی نادات (بڕوانە (٨ـت))، چونکە لە فەرهەنگی کوردییدا */ژێر نەوت کەوتن/، توخمو دانەی فەرهەنگیی نییە، ئەمانەش ئەوە دەردەبڕن، کە لە (٨ـپ)دا فۆڕمی /ژێرئاو/ بەشێکە لە کردارە فەرهەنگییەکەو مۆرفۆلۆژییانە خراونەتەکیەك، بەپێچەوانەی (٨ـج)ەوە، کە تێیدا دروستەی }ژێر ئاوەکە{ بەهۆی ناوی ئاوەڵکرداری شوێنیی /ژێر/ەوە لە سینتاکسدا بەرهەمهێنراوە، کە پەیوەست بە دەربڕینی زانیاریی شوێنەوە، PP ی }لەژێرئاوەکەدا{ فرێزی ئاوەڵکردارییئاسای شوێنە، بۆیە فرێزێکی سەرپشکییەو لەلایەن کردارەکەوە تەنها حوکمدەکرێت، گرنگە ئەوەش بگوترێت، کە (٨ـپ) سیمانتیکییانە لە (٨ـخ) جیاوازەو پەیکاڵی یەك نیین، چونکە (٨ـپ) واتای /نقومبوون/ دەدات، بەڵام لە (٨ـخ)دا مەرج نییە کەرەستەکە نقومبووبێت، ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی واتای کردارەکانی هەردوو ڕستەکەوە هەیە. نموونەی (٨ـح) کردارە تافدارەکەی }کەوت{ەو فرێزە پێشناوییەکەی } ە ژێرئاوەکەوە{ش، هەمان حوکمی PP ی (٨ـج) ی هەیە، کە فرێزی ئاوەڵکردارئاسای شوێنییە، (٨ـح) بە ڕستەی <ئەو کەوتە چاڵەکەوە.> بەراوردبکە!

شیکردنەوەکان ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە ناتوانرێت لەڕێی فۆڕمی دروستەکانەوە، پێشبینیی ناسینەوەو دیاریکردنی فرێزە ئاوەڵکردارییەکان بکرێت، بەڵکو واتاو زانیارییەکانی خودی کردارە فەرهەنگییەکە، پەیوەست بە پۆلەڕەگەزدیاریکردنو

پێویستییەکانییەوە بۆ تێرکردنی فرێزە کردارییەکە، بڕیار لە چییەتیی ناوەڕۆك و گۆکردنە جیاوازەکانی دروستەکان دەدەن، هەربۆیە مەرج نییە دروستەیەکی وەك /سەرئاو/، یاخود /ژێرئاو/، بەبەردەوامیی گۆکردنی ئاوەڵکردارییان هەبێت (بڕوانە (٨_پ،د))، کە فرێزی }سەرئاوکەوت {لە (٨_د)دا، هەمان لێکدانەوەی کردارە بەلێکسیمبووەکەی (٨_پ) هەڵدەگرێت.

جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی پێدانی فیچەرە واتاییەکانی ئاوەڵکردار بە پۆلەڕەگەزی جیاواز بۆ گۆکردنیان لە جێکەوتەی AdvPی شوێنییدا، بەپێی پێواژۆی سینتاکسییانە، یاخود مۆرفۆلۆژییانە دەبێت، کە لەخوارەوە، هەر یەکێکیان بە هێنانەوەو ڕاڤەکردنی داتای پێویست، تاقیدەکرێنەوە.

### ٤/١_١ پێواژۆی سینتاکسییانە

بەپێی شیکردنەوەکانی سەرەوە بێت، هەبوونی مەرجی واتایی بۆ گۆکردنی ئاوەڵکردارییانەی توخمێك، بنەمایەکی گرنگو پێویستە، هەربۆیە ئەو پۆلەڕەگەزانەی مەرجی واتاییان تێدایە، تەنها مەرجی سینتاکسیی، پێویستیی ئەو توخمانە بۆ گۆکردنیان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا پڕدەکاتەوە، بەپێچەوانەوە، ئەو پۆلەڕەگەزانەی ]- فیچەری ئاوەڵکرداریی[ن، دەبێت هەردوو مەرجەکەیان قبوڵبێت، بەجۆرێك لە هەنگاوی یەکەمدا فیچەرە واتاییەکانیان پێبدرێتو دواتریش سینتاکسییانە بواری ڕوودانیان لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا بۆ بڕەخسێنرێت، بەوپێیەش «لە دروستەی ڕستەدا ئەو وشەو فرێزو ڕستانەی لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا دەردەکەون، دەبنە فرێزی ئاوەڵکردارئاسا، چونکە ڕۆڵی ئاوەڵکردار دەبینن» (٢٠).

٩_ا. *من ئێستا لە تەلەفریك دانیشتوم

ب. من ئێستا لە تەلەفریکدا دانیشتووم.

پ. دوێنێ ئەم کاتە لە هەولێر دەگەڕاینەوە.


ت. * دوێنێ ئەم کاتە لە هەولێردا دەگەڕاینەوە

ج. لە پارکی ئازادییەوە بەپێ هاتینەوە.

ح. * لە پارکی ئازادیی بەپێ هاتینەوە

پاشگرە سینتاکسییەکانیش، دەتوانن بەهەمان شێوەی ناوە ئاوەڵکردارییەکانی سەرەوە، واتای شوێن بەو وشانە بدەن، کە لەبنەڕەتدا ئەو واتایەیان تێدا نییە. بۆ نموونە لە ڕستەی (٩_ا)دا، بۆیە /تەلەفریك/ ناتوانێت لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ڕووبدات، لەبەرئەوەی ناوێکە، فیچەرەکانی ]+شت، -شوێن[ ی هەیە، بەوەش هاتنی لەو جێکەوتەیەدا ڕستەیەکی نادروست بەرهەمدەهێنێت، هەربۆیە پێویستە فیچەری ]+شوێن[ بە ناوەکە بدرێت، ئەوەش بەهۆی پاشگری سینتاکسیی /_دا/ (٢١) وە ڕوودەدات، کە بەوەرگرتنی، ناوەکە دەبێتە ]-شت، +شوێن[، ئەمەش وادەکات فرێزە پێشناوییەکەی }لە تەلەفریك{ واتای شوێن دەرببڕێتو جێکەوتەی فرێزی ئاوەڵکردارئاسای شوێن لە ڕستەکەدا بگرێت. لەمەوە، بۆیە سەرەتا فرێزە پێشناوییەکە بەرهەمدێت، چونکە پێشناوەکە پرۆژەسازدەرەو بەوەش تەواوکەرێك، کە DP یە داوادەکاتو دۆخی ئەکوزەتیڤیشی پێدەدات، دواتر پاشگری سینتاکسیی /_دا/، بۆ بەرهەمهێنانی فرێزە ئاوەڵکردارییئاساکە، دەچێتەسەر PP یەکەو فیچەرەکانی ناوی شوێنی پێدەدات (٢٢)، ئەوکات پاشگرەکە (ا) لەلایەك گۆکردنە سینتاکسییەکانی، ئاوەڵکرداریین (٢٣)، (ب) لەلایەکی دیکەشەوە، دۆخی خستنەپاڵ/ جێنەتیڤ بە PP یەکە دەدات. فرێزە ئاوەڵکردارییەکەش، نواندنی هێڵکاریی (٤)ی دەبێت.

هێڵكاریی ( ٤ )




لـە (٩_پ)دا، لەبەرئـەوەی /هەولێـر/ نـاوی شـوێنە، کەواتـە لەبنەڕەتـدا مەرجـی یەکەمـی تێدایـە، بۆیـە ڕاسـتەوخۆ دەتوانێـت بەهـۆی پێشـناوەکەوە، گۆکردنـی سینتاکسـییانەی ئاوەڵکـرداری هەبێـت، کەچیـی لـە (٩_ت)دا، هاتنـی پاشـگری سینتاکسـیی/_دا/ کەمبەهایـەو ڕسـتەکەی کردووەتـە ڕسـتەیەکی نارێزمانیـی، چونکـە /هەولێـر/ خـۆی، ناوێکـە ]+ شـوێن[ەو ناتوانرێـت جارێکـی دیکـە بەهـۆی /_دا/وە هەمـان فیچـەری واتایـی پێببەخشرێتـەوە، بۆیـە بـەو دروسـتەیەوە ڕێگەپێنادرێـت. هـەروەك لەڕسـتەی (٩_ج)دا پاشـگری سینتاکسـیی /_ەوە/ لـەو ڕووەوە، کـە «شـوێنی دەرچـوونو سـەرەتای دەسـتپێکردنی جووڵەیـەك یـان ڕووداوێـك نیيشـاندەدات» (٢٤)، کەواتـە بەپێدانـی فیچـەری ]+شـوێن[ بـە PP ی }لەپارکـی ئازادیـی{، هەمـان ئەرکـی پاشـگری/_دا/ی بینیـوە، هـەر لەبەرئەوەشـە هـۆی ڕێگەنەدانـی (٩_ح)، بـە پاسـاوی نەبوونـی پاشـگری /_ەوە/ ڕووندەکرێتـەوە.

١٠_ا. *وێنەکانم لە کۆمپیوتەر هەڵگرتووە

ب. وێنەکانم لە کۆمپیوتەردا هەڵگرتووە.

(١٠_ا) بەهەمـان هـۆکاری (٩_ا) ڕسـتەکی نادروسـتە، بەڵکـو دەبێـت بەپێـی ئـەو میکانیزمانـەی لـە خشـتەی (٢)دا خرانـەڕوو، هەلومەرجـی بـوون بـە ئاوەڵکـردار بـۆ ناوەکـە /کۆمپیوتـەر/ بڕەخسـێنرێت، چونکـە لەبنەڕەتـدا خاوەنـی فیچەرەکانـی (١١)یـە، لەبەرئـەوە پاشـگری سینتاکسـیی /_دا/ لەسـەر بنەمـای زانیارییەکانـی ·Adv، بەپێدانـی زانیاریـی شـوێن، ئـەو گۆڕانـە واتاییـە لـە بناغەکـەدا دروسـتدەکات، بەوپێیـەی ئـەم پاشگرە»شـوێنی کارو چالاکیـیو ڕوودان دەردەخـات» (٢٥)، بـەوەش دروسـتەی PP یەکـە دەبێتـە خاوەنـی فیچەرەکانـی (١٢)و لـە جێکەوتـەی Adv- دا دەرکەوتنـی دەبێـت.

١١. /کۆمپیوتەر/

+ ناوی ئامێر
+ دۆخدەر
+ دۆخ_وەرگر
+ Dp

١٢. لەکۆمپیوتەردا
-Adv +
- دۆخدەر
- دۆخ_وەرگر
+ ئەرکی سینتاکسیی دەرخەری شوێن
+ تێداهەڵگرتن

٢_٤/١ پێواژۆی دیسپلینکردنی مۆرفۆلۆژیانە بۆ پێدانی واتای شوێن

وێڕای ڕێگای سینتاکسیی، دەکرێت ڕێگای مۆرفۆلۆژییش بۆ هەڵگواستنی ئەو وشانە تاقیبکرێتەوە، کە بەهۆی لکاندنی مۆرفۆلۆژییانەی پاشگرەوە، واتای شوێن دادەڕێژن، چونکە پاشگرەکان وشەی بەدەسەڵاتن و بەپێی ئەو زانیارییانەی لەناواخنیاندا هەن، تەواوکەری فەرهەنگیی هەڵاوێردەکەن، بەجۆرێك لەڕێی فیچەرەکانیانەوە، واتاو زانیارییە ئاوەڵکردارییەکان دەئاخنرێنە ناو ئەو فۆرمانەوە، کە سەر بە پۆلەڕەگەزی جیاوازن (بڕوانە خشتەی (٢))، بەوەش دەرکردەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەکە، فۆرمێکی دیسپلینکراو دەبێت بە فیچەری ]+ ناوی شوێنی[ یەوە، کە فۆرمداڕشتنێکی نوێ بەواتای ئاوەڵکردارییەوە بە دروستەکان بەخشراوە (بڕوانە (١٤_ب)). ئەمەش بەهۆی پاشگرەکانی /_ستان، _گە/_گا، _دان، _زار، _جاڕ، _ەڵان/ەوە ڕوودەدات (بڕوانە (١٣_ا)). هۆی نەشکانەوەی }لەدارەکە{ لە (١٣_ب)دا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە /دار/ فیچەری ]+شت[ی هەیە، بەوەش مەرجی یەکەمی پێشێلکردووە، کە هەبوونی واتای ئاوەڵکردارییە، بۆیە نەتوانراوە بەهۆی پێشناوی /لە_/وە ڕێگادانی سینتاکسیی بۆ دەستەبەربکرێت، کەواتە بەبێ پابەندبوون بە مەرجە واتاییەکەوە، مەرجە سینتاکسییەکە جێبەجێناکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، جێبەجێکردنی مەرجە سینتاکسییەکە، وابەستەی هەبوونی مەرجی واتایی دەبێت (بڕوانە ~~فیچ~~ەرەکانی /دار/ لە (١٤_ا)دا).

١٣_ا. دار+ /_ستان/ /        دارستان
ب. *شاڵاو لە دارەکە پیاسەدەکات
پ. زرنگ لە دارستانەکە پیاسەدەکات.
ت. زرنگ پیاسەدەکات.

١٤_ا. /دار/
+ ناوی شت
+ بەرهەمهێنانی DP
+ دۆخدەر
+ دۆخ_وەرگر
+ ئەرکی سینتاکسیی


ب. /_ستان/
+ پاشگر
+ شوێن/ ڕووبەری فراوان
+ وشەی بەدەسەڵات

پـاش ئـەوەی بەرێگایەکـی مۆرفۆلۆژییانـە وشـەی /دارسـتان/ هەڵگوێـزرا، واتـای دەرکردەکـە جیـاواز لـە بناغەکـەی، لـە ]+ نـاوی شـت[ ەوە بـۆ ]+ نـاوی شـوێن[ گـۆڕاوە، بـەوەش ئـەو فیچەرانـەی دەبێـت، کـە لـە (١٥)دا نیشـاندراون، ئـەوکات بوونـی مەرجـی واتایـی تێیـدا، ڕێـگا بـۆ جێبەجێکردنـی مەرجـە سینتاکسـییەکە خۆشـدەکات، بـەوەش /دارسـتان/ لـە (١٣_پ)دا بەهـۆی پێشـناوی /لـە_/وە ڕێپێپێدەدرێـت لەجێکەوتـەی ئاوەڵکـردارادا وەك فرێـزی ئاوەڵکردارئاسـای شـوێن گۆبـکات، کـە تێیـدا پێشـناوەکە دۆخ بـە فرێـزە دیارخەرییەکـەی }دارسـتانەکە{ دەدات، بـەڵام لەبەرئـەوەی PP ی }لەدارسـتانەکە{ ویسـتێکی بەڵگەیـی/ ئارگومێنتیـی کردارەکـە نییـە، لەلایـەن کردارەکـەوە دۆخ وەرناگرێـت، بەڵکـو لابـردنو دەرنەبڕینـی لەڕسـتەکەدا، ڕێپێـدراوە (بڕوانـە (١٣_ت)).

١٥. دارستان
+ ناوی شوێن
+ بەرهەمهێنانی ئاوەڵکردار
+ ئەرکی سینتاکسیی تەواوکەر

پێشتریش ئەوە خرایەڕوو، کە ئاوەڵکرداری شوێنیی، لە مەودای فرێزی کرداریدا ڕوودەدات (بڕوانە هێڵکاریی (٥)).

**هێڵکاریی ( ٥ )**




لـە نموونەکانـەوە ئـەو ئەنجامـە هەڵدەهێنجیـن، کـە بـۆ بەرهەمهێنانـی ئاوەڵکـرداری سینتاکسـیی شـوێنیی لـە پۆلەڕەگـەزی نـاو، پێـواژۆی سینتاکسـییانە، یاخـود مۆرفۆلۆژییانـە جێبەجێدەکرێـن، بەجۆرێـك: (١) بەهـۆی سینتاکسـەوە، گۆڕینـی فیچـەری واتایـی تەواوکـەر لـە ]+شـت[ەوە بـۆ فیچـەری ]+شـوێن[ ڕوودەدات، لەلایـەك بـە خستنەسـەری نـاوە ئاوەڵکرداریيەکانـی /ژێـر، سـەر، بەرامبـەر، تەنیشـت...هتد/و لەلایەکـی دیکەشـەوە، بەهـۆی پاشـگرە سینتاکسـییەکانی /_دا، _ەوە/وە ئەنجامدەدرێـت. (٢) بەهـۆی پێـواژۆی مۆرفۆلۆژییانـەوە، پاشـگرەکانی /_سـتان، _گا/_گـە، _دان، _زار، _جـاڕ، _ەڵان/، مۆرفۆلۆژییانـە واتـای شـوێن بـە دەرکـردە هەڵگوێزراوەکـە دەدەن. کەواتـە ئەگـەر سـینتاکس کۆنکرێتکـەری زانیاریـیو واتـا هەبووەکانـی نـاو فەرهەنـگ بێت، ئەوا پشتڕاسـتی ئـەو بۆچوونـە دەکاتـەوە، کـە فەرهەنـگ بنەمـاو بۆگەڕاوە_مەرجـەع_ی بنەڕەتیـی زانیارییـە نوێـنراو و بەرجەسـتەکراوەکانە لـە فۆڕمـی سینتاکسـییدا، هەربۆیـە ئاوەڵکـرداری سینتاکسـییAdv-، وابەسـتەی هەبوونـی زانیاریـی ئاوەڵکـردارە فەرهەنگییـەکان دەبێـت.

٥/١ ئاوەڵکرداری چۆنێتیی

ئاوەڵنـاو A٠ ەکان خاوەنـی زانیاریـی واتایـیو سینتاکسـیی خۆیانـن، لـەو ڕووەشـەوە، کـە سـەری ڕێزمانیـی پڕۆژەسـازدەرن،

زانیارییەکانیان لە هەردوو پێکهاتەی (٢،١) داو بەهۆی ڕێسای پرۆژەسازدانەوە بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی دەستەواژیلەو دەستەواژە_فرێز_ دەخرێنەگەڕو بەکاردەبرێن، چونکە وەك پێشتر خرایەڕوو، ئاوەڵناو لەو پۆلەڕەگەزانەیە، کە بە تەنها ناچێتەناو پێکهاتە سینتاکسییەکانەوە، بەڵکو بە تەواوکەرەکەیەوە، کە لە فۆرمداڕشتنە فەرهەنگییەکەیدا دەنوێنرێت، دروستەی فرێزی ئاوەڵناویی بەرهەمدەهێنێت. بەمەش ئەو دروستەیەی لە پێکهاتەی (٢) دەکەوێتەوە، پاش جێبەجێکردنی پۆلەڕەگەزدیاریکردنە فەرهەنگییەکەی، هەمان زانیاریی سینتاکسیی توخمە فەرهەنگییەکەی ئاوەڵناوی نییە، کە بەهۆی فیچەرەکانییەوە لە (١٦)دا نیشاندەدرێن.

١٦. ئاوەڵناو

+ چۆنێتیی
+ سەری ڕێزمانیی
+ دۆخو حوکمکردن
+ پرۆژەسازدەر

پەیوەست بەو زانیاریانەوە، کە لەبارەی ئاوەڵناوەوە خرانەڕوو، پرسیاری گرنگ ئەوەیە، بۆچیی و چۆن دەتوانرێت بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی، سوود لە ئاوەڵناوەکان وەربگیرێت؟

وەڵامدانەوەی بەشی یەکەمی پرسیارەکە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە فەرهەنگی کوردییدا هەروەك فیچەرەکان دیاریدەکەن، چەمکی چۆنێتیی، بە فۆرمی ئاوەڵناو داڕێژراوە، کە سیمانتیکییانە ئەدگارو تایبەتییەکانی پۆلەڕەگەزی (ناو) پەسندەکەن، بەوەش ئاوەڵناوەکە حوکمی N-/ D- یەك دەکاتو دۆخیشی دەداتێ. هەمبەر بەمە، لەبەرئەوەی فۆرمی ئەدڤێرب/ ئاوەڵکرداری چۆنێتیی فەرهەنگییمان نییە (٢٦)، بۆیە دەکرێت بەهۆی هەبوونی واتای چۆنێتییەوە تێیدا، ئاوەڵناو بکرێتە بنەما بۆ دەستخستنو بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری چۆنێتیی، بەوەش «ئاوەڵکردارە چۆنیەتییەکان (مۆدالییەکان) بە شێوەیەکی سەرەکیی ئاوەڵناوەکانن، کە ئاوەڵکردارئاسا سەربەخۆ یان لەشێوەی فرێزدا بەکاردەهێنرێن»(٢٧)، کەواتە فیچەری ]+چۆنێتیی[ی ئاوەڵناوەکان، مەرجی واتایی لە دروستەکاندا دەستەبەردەکات، دواتریش جێکەوتەی سینتاکسیی، گۆکردنی ئاوەڵکردارییان پێدەدات. بۆئەوەی ئەمە ڕووبدات، پێویستە ئاوەڵناو بە گۆڕینی فیچەرەکانی، لەئاوەڵناویی بخرێت، بە دەربڕینێکی دیکە، بۆئەوەی فرێزی ئاوەڵکردارییئاسا لە ئاوەڵناو بەرهەمبهێنین، دەبێت ئاوەڵناوەکە لەڕووی زانیاریی سینتاکسییەوە(٢٨) کۆی ئەو فیچەرانە لەدەستبدات، کە لە (١٦)دا بۆی دیاریکراون، بەوەش لەسەری ڕێزمانیی دەکەوێتو فیچەرەکانی لەجۆری (١٧)ی دەبێت، کەواتە لەئاوەڵناویی خستنەکە بۆ ئەوەیە، کە زانیارییە سینتاکسییەکەی بۆ زانیاریی ئاوەڵکرداریی، گۆڕانی بەسەردا بێت، ئەمەش وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەی سەرەوە پەیوەست بە چۆنێتیی تاقیکردنەوەی ئاوەڵناو لە جێکەوتەی سینتاکسیی ئاوەڵکرداری چۆنێتییدا، دەستەبەردەکات.

١٧. دروستەی لەئاوەڵناوخراو

+ چۆنێتیی
- سەری ڕێزمانیی
- دۆخ
- حوکمرکردن

- تەواوكەر

گۆڕینـی سـیمانتیكییانەی فیچەرەكانـی پۆلەڕەگـەزی جیـاواز لـە ئاوەڵكـردار، تاوەكـو گۆكردنـی سینتاكسـییانەی فرێـزی ئاوەڵكـرداری چۆنێتیـی هەبێـت، بـە پەیڕەوكردنـی یەكێـك لـەم پێواژۆیانـە دەبێـت، كـە لەخـوارەوە دەخرێنـەڕوو:

١_٥/١ پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانە

بەپێـی ڕوونكردنەوەكانـی سـەرەوەو لەسـەر ئـەو بنەمایـەی، هـەردوو پێكهاتـەی فەرهەنـگو ڕێزمـان پەیكاڵـی یـەك، پێـڕەوی زمانەكـە پێكدێنـن، كەواتـە دەبێـت بـۆ پڕكردنـەوەی ئـەو كەلێنـە چەمكیـیو واتاییانـەی لـە فەرهەنگدا هـەن، پشـت بـە ڕێزمان ببەسـترێت، لەمـەوە لەنـاو ڕێزمانـدا بەهـۆی هـەردوو پێـواژۆی مۆرفۆلۆژیـیو سینتاكسـییەوە، ئـەو واتایانـەی لـە فەرهەنـگدا فۆڕمیـان بـۆ دانەڕێـژراوە، هەڵدەگوێزرێـنو بەرهەمدەهێنرێـن، بـەوەش پێكهاتـەی ڕێزمـان پەیوەسـت بـە وەچەپێڕەوەكانییـەوە، دەبێتـە ئەڵتەرناتیڤـی فەرهەنـگ بـۆ بەكۆنكرێتكردنـی ئـەو چەمـكو واتـا هەبووانـەی، لـە زمانەكـەدا بـێ دروسـتەو فۆڕمـی فەرهەنگییـن/ فـۆڕم بۆداڕێـژراو نییـن.

مۆرفۆلۆژیـی، وەك وەچەپێڕەوێكـی ڕێزمـان، بەپێـی یاسـای (١) بەشـێك لـەو فۆڕمانـە هەڵدەگوێزێـت، بـەوەش زانیاریـی نـوێ بـە بناغـە _ناو_ەكـە دەدات، تاوەكـو دەركردەی پێـواژۆ مۆرفۆلۆژییەكـە، واتـای ]+چۆنێتیـی[ی هەبێـت، لەمـەوە بـۆ دەستخسـتنی دروسـتەی ئاوەڵنـاوی هەڵگوێـزراو لەنـاو، كار بـە یاسـای (١) دەكرێـت، بـەوەش بەهـۆی لكاندنـی /_انـە/(٢٩) وەو لەسـەر بنەمـای فیچەرەكانـی، كـە لـە (١٨)دا دیاریكـراون، مەرجـە واتاییەكـە پەیڕەودەكرێـت، پاشـان دەركردەكـە بەهـۆی هەبوونـی فیچـەری چۆنێتییـەوە، ڕێپێدەدرێـت لەسینتاكسـداو لـە جێكەوتـەی ئاوەڵكـرداردا تاقیبكرێتـەوە (بڕوانـە(١٩)).

←

(١)_ N+ /_انە/ ← A٠

(٢)_ A٠+ /_انە/ Adv٠

١٨. /_انە/ ( + پاشگر
+ چۆنێتیی
± ناودروستكەر(٣٠)
+ دروستكردنی A٠ / Adv٠ )

١٩_ا. ئەو باش خەوت.

ب.* دابان شێر كارەكەی ڕاپەڕاند

پ. دابان شێرانە كارەكەی ڕاپەڕاند.

ت. * ئەو مەرد كێشەكەی چارەسەركرد

ج. ئەو مەردانە كێشەكەی چارەسەركرد.

٢٠_ا. مرۆڤی باش ب. ڕادیۆی باش پ. قسەی باش

٢١_ا. * مەردانەتر

ب. * مەردانەترین

لـە (١٩_ا)دا، /بـاش/ فیچـەری ]+چۆنیتیـی[ ڕێگەیـداوە لـە جێکەوتـەی ئاوەڵکـرداردا گۆکردنـی هەبێـت، چونکـە یەکێکـە لـەو ئاوەڵناوانـەی لـەڕووی واتـاوە، ئارگومێنت_داواکراوەکـەی فیچـەری ]± مـرۆڤ[ی هەیـە (بڕوانـە (٢٠))، بۆیـە توانـای هەیـە بـە هەمـان فۆڕمـەوە گۆکردنـی جیـاوازی هەبێـت، بەوپێیـەی ئاوەڵناوەکانـی /جـوان، چـاك، پـاك، پیـس،.../ لـەو توخمانـەن، کـە پەیوەسـت بـە واتـاو جێکەوتـەوە، ڕێیاندەدرێـت بەکارهێنانـی ئاوەڵکرداریيشـیان هەبێـت، بەواتـا لەلایـەك دەبنـە دەرخـەری نـاو، لەلایەکـی تریشـەوە لەدەوروبەرێکـی سینتاکسـییدا چەمکێکـی ڕوودانـی کـردار پەسـندەکەن، بـەوەش هـەردوو بەکارهێنانەکـە، دابەشـبوونێکی تەواوکەرانەیـان دەبێـت. هەمبـەر بەمـە لـە (١٩_ت)دا، ئەگەرچیـی فۆڕمـی /مـەرد/ پۆلەڕەگەزەکـەی ئاوەڵنـاوەو فیچـەری ]+چۆنێتیی[یشـی هەیـە، کەچیـی ناتوانێـت جێکەوتـەی ئاوەڵکـردار بگرێـت، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە ڕووبـەر، یاخـود مـەودای بەکارهێنانـە واتاییەکـەی ]+مـرۆڤ[ە (٣١)، بۆیـە دەبێـت بەهـۆی لاگـری فەرهەنگیـی /_انـە/وەو بەپێـی یاسـای (٢)، گۆڕینـی فیچـەری بـۆ ]-مـرۆڤ، +کـردار[ تێـدا ڕووبـدات، ئـەوکات بەکارهێنانـی ئاوەڵکرداریـی دەبێـت بڕوانـە (١٩_ج)، بـەوەش پێشـبینییدەکرێت بەرهەمـی یاسـاکە، ئاوەڵکـرداری چۆنێتیـی هەڵگوێـزراو(٣٢) بێـت، نـەك ئاوەڵنـاوی هەڵگوێـزراو، بـەو حوکمـەی، گـەر فۆڕمـە نوێکـە ئاوەڵنـاو بێـت، ئـەوا دەبێـت بەهـۆی لاگـرە سینتاکسـییەکانی /_تـر، _تریـن/ەوە بشـکێتەوە، بـەڵام پێناچێـت ئەمـە ڕووبـدات (بڕوانـە (٢١)).

٢٢_ا. * ئەو گەورە قسەدەکات

ب. ئەو گەورانە قسەدەکات.

پ. (مرۆڤ)ی گەورە قسەی وا ناکات. ~ ئەوە قسەی منالە.

ت. ئەو وەك مرۆڤی گەورە لەتەمەندا قسەدەکات.

/گـەورە/ سـەرباری ئـەوەی لـەو ئاوەڵناوانەیـە، کـە ئارگومێنـت بـە فیچـەری ]±مـرۆڤ[ەوە داوادەکات، کەچیـی ناتوانێـت لـە (٢٢_ا)دا هاوشـێوەی (١٩_ا) بەهەمـان فۆڕمـەوە گۆکردنـی ئاوەڵکـرداری هەبێـت، مەگـەر بەهـۆی /_انـە/وە ئـەو توانـاو لەبارییـەی پێبدرێـت، ئەمـەش پەیوەندیـی بـەوەوە هەیـە، کـە /گـەورە/ لەگـەڵ مرۆڤـدا، بـە کرۆکەواتـای ]+قەبـارە[وە بەکارناهێنرێـت، بەڵکـو مـەودا واتاییەکـەی بـۆ توێکڵەواتاکانـی ]+تەمـەن، +دەسـەڵات[ فراوانبـووە، بۆیـە دەبێـت بەهـۆی یاسـای (٢)ی پێـواژۆ مۆرفۆلۆژییەکـەوە، بەپێدانـی فیچـەری چۆنێتیـی ]+شـت، +کـردار[، لەئاوەڵناوبخرێـت، بەوپێیـەی /_انـە/ ئـەو فیچەرانـە بەبناغەکـە دەدات، کـە لـە (١٨)دا دیاریکـراون، بـەوەش پاشـگرەکە، فۆڕمـە هەڵگوێزراوەکـەی /گەورانـە/، سـیمانتیکییانە پەیکاڵـی بەکارهێنانـە ئاوەڵناوییەکـەی بناغەکـە دەکاتـەوە (بڕوانـە فرێـزە هێـڵ_ بەژێرداهاتووەکـەی (٢٢_پ))، کـە بـۆ ئـەم دەوروبـەرەو پەیوەسـت بـە واتـای کردارەکـەوە، لەگـەڵ مرۆڤـدا فیچـەری لاوەکیـی ]+تەمـەن[ بـژاردەدەکات، بۆیـە دەبێـت فۆڕمەکـە بـە هەمـان فیچـەری لاوەکییـەوە، گۆکردنـی فرێـزی ئاوەڵکرداریشـی هەبێـت، بڕوانـە (٢٢_ب)، کـە سـیمانتیکییانە پەیکاڵـی (٢٢_ت)ە. هـاوکات (١٩_ا) بـە (٢٠_ا) بەراوردبکـە، کـە لەیەکەمیانـدا، }بـاش{ ئاوەڵکردارئاسـاو لـە دووەمیانـدا ئاوەڵناوییانـە بەکارهاتـووە، کەچیـی لـە هـەردوو بەکارهێنانەکەیـدا، فیچـەری ]+باشـیی[ی پەیوەسـت بـە دەرخـراوی جیـاوازەوە نیشـانداوە. ئەمـەش ئـەو ئەنجامـە دەدات، کـە پنتـی جیاکـەرەوەی نێـوان ئاوەڵنـاوو ئاوەڵکـردار، تەنهـا ]+شـت، +کـردار[ە، ئەگەرنـا دەبێـت لـە هـەردوو بارەکـەدا هەمـان واتـا پەسـنبکەن، ئـەم هاوتاکردنـە واتاییـەش لەگـەڵ هەندێـك فـۆڕم/ بناغـەدا، بەهـۆی پێـواژۆی پاشـگرلکاندنەوە جێبەجێدەکرێـت. دواتـر، پـاش تێئاخنیـن‌و جێگیرکردنـی زانیاریـی پێویسـت بـە دیسـپلینکردنی بناغەکـەو پابەندبـوون بـە مەرجـە واتاییەکـەوە، دەرکەوتنـی دروسـتە هەڵگوێزراوەکـە لـە جێکەوتـەی ئاوەڵکـرداردا، پڕاوپـڕ دەربـڕی زانیاریـی کردارەکـە دەبێـت، بـێ ئـەوەی تەمومژیـی‌و لەنگیـی واتایـی دروسـتبکات، بڕوانـە (٢٢_ب)و بـە (٢٢_ا) بەراوردیبکـە، جگەلـەوەی هیـچ دۆخێکـی ڕێزمانییشـی

پێنادرێـت.

هـۆی ڕێپێنەدانـی (١٩_ب) بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە /شـێر/ لـە پۆلەڕەگـەزی (نـاو)ە، بـەوەش ئـەو فیچەرانـەی دەبێـت، کـە لـە (٢٣)دا بـۆی دیاریکـراون، کەواتـە دروسـتەکە بەبـێ دۆخ، وەك ئارگومێنـت لەنـاو بەشـەکرداردا گۆکردنـی فرێـزی نابێـت، هـەروەك مەرجـی واتـای چۆنێتیشـی تێـدا نییـە، بۆیـە دەسـەڵاتی پێدانـی زانیاریـی لەسـەر کـردار نییـە، لەبەرئـەوە دەبێـت بەهـۆی وەرگرتنـی زانیاریـی واتاییـەوە بەپرۆسـەیەکی مۆرفۆلۆژیـی، گۆڕینـی فیچـەرە واتاییەکـەی بـۆ ]+چۆنێتیـی[ تێـدا ڕووبـدات، ئەمـەش کاریگەریـی لەسـەر گۆڕینـی تـەواوی زانیارییـە سینتاکسـییەکانی دەبێـت، تاوەکـو بتوانێـت جێکەوتـەی ئاوەڵکـردار بگرێـت (بڕوانـە (١٩_پ)).

٢٣. ناوی گشتیی


$N^0$ - چۆنێتیی
+ دۆخوەرگر
+ D /-N-

٢٤_ا. کراسێکی کوڕانەم کڕی.


ب. ئەڤین کوڕانە بەڕێگادا دەڕۆیشت.

لـە (٢٤_ا)دا }کوڕانـە{ دروسـتەی ئاوەڵناوێکـی هەڵگوێـزراوە، کـە بەهـۆی لاگـری /_انـە/وە پۆلەڕەگەزەکـەی لـە نـاوەوە بـۆ ئاوەڵنـاو گـۆڕاوە، بـە بەڵگـەی ئـەوەی لـە سـنوری فرێـزی خسـتنەپاڵی ئاوەڵناوییـدا شـکاوەتەوەو بووەتـە دەرخـەری نـاو، پاشـان کـۆی فرێـزە خسـتنەپاڵییەکەی }کراسـێکی کوڕانـە{، جێکەوتـەی بـەرکاری ڕسـتەکەی گرتـووە، نـەك ئاوەڵکـردار (بڕوانـە هێڵکاریـی (٦))، لەبەرئـەوەی کردارەکـە لـەڕووی هێـزەوە تێپـەڕە، بۆیـە بـۆ تەواوکردنـی فرێـزە کردارییەکـەی، پێویسـتی بـە تەواوکەرێـك هەیـە، بـەوەش بوونـی بـەرکار خورتییـەو کـردارە بـێ تاف_ڕەگ_ەکـەش، دۆخـی ئەکوزەتیڤیـی دەداتـێ، کەچیـی لـە (٢٤_ب) دا(٣٣)، هەمـان فۆرمـی /کوڕانـە/، جێکەوتـەی فرێـزی ئاوەڵکـرداری چۆنێتیـی گرتـووە، هەربۆیـە بـە پێکهاتەیەکـی سەرپشـکیی هەژماردەکرێـت (بڕوانـە هێڵکاریـی (٧)).

هێڵکاریی (٦)





هێڵکاریی (٧)



زانیارییەکانـی (٢٤) ئـەوە دەردەبـڕن، کـە بەهەمـان شـێوەی ئـەو ئاوەڵنـاوە بنەڕەتییانـەی لەسـەرەوە ئاماژەیـان پێـدرا، فۆڕمـە هەڵگوێـزراوەکان بەهـۆی لاگـری فەرهەنگیـی /_انـە/وە، بەپێـی پێویسـتیی، جێکەوتـەی بەکارهێنانیـان دەگـۆڕێـت، چونکـە لاگرەکـە بەپێـی ئـەو فیچەرانـەی لەسـەرەوە بـۆی دیاریکـران، نەرمیـو لەباریـی واتایـی بـۆ بناغەکـە دەسـتەبەردەکات، بـەوەش دەرکـردە مۆرفۆلۆژییەکـە هـەردوو گۆکردنـی ئاوەڵناویـیو ئاوەڵکرداریـی دەبێـت(٣٤). هـەروەك فۆڕمەکانـی /مەردانـە/ لـە (١٩_ج)دا و / کوڕانـە/ لـە (٢٤_ب)دا دەریدەخـەن، کـە لاگرەکـە لـە یەکەمیانـدا بـە پۆلەڕەگـەزی ئاوەڵنـاو و لـە دووەمیشـدا بـە نـاوەوە لـکاوە. لێکەوتـەی ئەمـەش، بەڵگـەی ئـەو ڕاسـتییەیە، کـە ناتوانرێـت لەڕێـی فۆڕمـی دروسـتە هەڵگوێزراوەکانـەوە، پێشـبینیی حوکمـی سینتاکسـییان بکرێـت، بەڵکـو جێکەوتـەی ڕوودان، یەکلاییکـەرەوەی جـۆری گۆکردنو لەتەکیشـیدا وابەسـتەیی سـیمانتکییان دەبێت، ئەمـەش بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە، کـە لاگـری /_انـە/ بـە پۆلەڕەگـەزی جیـاوازەوە دەلکێـتو لەوەشـەوە بەرهـەمو دەرکردەکانـی جیـاواز دەبـن، هـەر ئەمەشـە هەندێکجـار بـواری ڕوودانـی هەمـان فـۆڕم پەیوەسـت بـە گۆکردنـی جیـاوازەوە لـە ڕسـتەیەکدا دەڕەخسـێنێتو بـەو هۆیـەوە، نواندنـی جیاوازیشـیان دەبێـت. بڕوانـە (٢٥)و هێڵکاریـی (٨).

٢٥. کچە جوانەکە جوان وەڵامیدایەوە.

هێلکاریی (٨)



٥/١_٢ پێواژۆی سینتاکسییانە

جگەلـە پێـواژۆی مۆرفۆلۆژییانـە بـۆ دەسـتەبەرکردنی فۆڕمـی نـوێ بـە واتـای ئاوەڵکردارییـەوە، پێـواژۆی سینتاکسـییش بـۆ هەمـان مەبەسـت، بـە دوو شـێوە پەیڕەودەکرێـت:

٥/١_٢_١ دووبارەکردنـەوە: لـەم پرۆسـەیەدا، سینتاکسـییانەو لەڕێـی دووبارەکردنـەوە Reduplication ی هەمـان فۆڕمـەوە، واتـای ئاوەڵکرداریـی بـە دروسـتە بەرهەمهێنراوەکـە دەبەخشرێـت، کـە پەیکاڵـی دروسـتە مۆرفۆلۆژییەکانـی /پشتاوپشـت، دەمبـەدەم... هتـد/، دووبارەکردنەوەکـە بـۆ پێدانـی نیشـانەی چۆنێتیـی لـە سینتاکسـدا ڕوودەدات، بنەمـای چۆنێتیـی دووبارەکردنەوەکـەو لێکدانیشـیان، بـە دوو ڕێـگا ئەنجامدەدرێـت:

ا. بەبـێ ئامـرازی بەسـتنەوەConjunction ، تێیـدا دووبارەکردنـەوەی ڕاسـتەوخۆی توخمـە بنەڕەتییەکـە لەسینتاکسـدا، چەمکـە ئاوەڵکردارییەکـە دەگەیەنێـت. لەمـەوە یاسـای (٣) شـێوازبەنددەکرێت (بڕوانـە (٢٦)).

ب. بەهـۆی ئامرازەکانـی بەسـتنەوەوە، دووبارەکردنـەوەی توخمـەکانو لێکدانیـان لەسینتاکسـدا ڕوودەدات، بـەوەش یاسـای (٤) دادەڕێژرێـت (بڕوانـە (٢٧)).

(٣)_ X٠ + X٠ ⟵ Adv-

٢٦. }یەك یەك، دەستە دەستە، خوێندکار خوێندکار، نم نم، پەیتا پەیتا،...هتد{.

(٤)_ Conj. + X٠+ X٠ ⟵ Adv-

٢٧. }پشتاوپشت، ماڵەوماڵ، دووراو دوور، ماڵ بەماڵ، کۆڵان بەکۆڵان...هتد{(٣٥).

٥/١_٢_٢ بەهـۆی فرێـزی پێشـناوییەوە: دروسـتەی PP، ڕێگایەکـی سینتاکسـیی دیکەیـە بـۆ بەرهەمهێنانـی فرێـزی ئاوەڵکـرداری چۆنێتیـی، بـە دەربڕینێکـی دیکـە، هەندێـك دروسـتەی فرێـزی پێشـناویی هـەن، گۆکردنـی فرێـزی ئاوەڵکردارییـان دەبێـت، بـە بەڵگـەی ئـەوەی، زۆر کات «فرێـزی پێشـناوییو ئاوەڵکرداریـی لـە جێکەوتـەی یەکتردا دەردەکـەونو لایەنێکـی نادیـاری کـردار لـە ڕۆنانـی ڕسـتەدا ڕوندەکەنـەوە»(٣٦) (بڕوانـە (٢٨)).

٢٨. شەونم بە دڵسۆز باسیکردی.

لـە (٢٨)دا فرێـزی (بەدڵسـۆز)، دروسـتەی فرێزێکـی پێشـناوییە، کـە بەهـۆی پێشـناوی سینتاکسـیی /بـە_/و ئاوەڵنـاوی } دڵسـۆز{ەوە بەرهەمهێـنراوە، ئەمـەش بـۆ بوونـی فیچـەری (+چۆنێتیـی)ی ئاوەڵناوەکـە دەگەڕێتـەوە، PP یەکـەش، جێکەوتـەی Adv- ی گرتـووە. بـەوەش دروسـتەکە لـە سینتاکسـدا بەرهەمهێـنراوە.

ئەنجام

١. لێكۆڵینەوەكە بەو ئەنجامە دەگات، كە فرێزە ئاوەڵكرداریيەكان لەبەرئەوەی ئارگومێنت_داواكراو نیین، بۆیە وەك جۆرەكانی دیكەی فرێز، پێویستیان بە برینی پێكهاتە سینتاكسییەكانی قۆناغی پێش ڕستەیی نییە، بەڵكو ڕاستەوخۆ دەچنە ناو پێكهاتەی (٣)وەو لەناو بەشەكرداردا گۆكردنیان دەبێت.

٢. پەیوەست بە جێكەوتەوە، فرێزە ئاوەڵكرداریيەكان بەوپێیەی كەرەستەی نائارگومێنتن‌و ڕوودانیان سەرپشكییە، كەواتە كەرەستەی بێدۆخن، لەبەرئەوە جێكەوتەی Spec ی فرێزە كرداریيەكان ناگرن، چونكە Spec جێكەوتەیەكی دۆخدارە بۆ گیرسانەوەی ئەو ئارگومێنتانەی، گواستنەوەی خورتییان تێدا ڕوودەدات، هەربۆیە فرێزی ئاوەڵكرداری كاتیی، بە فرێزی تاف TPو فرێزە ئاوەڵكرداریيەكانی شوێن‌و چۆنێتییش، بە فرێزی كرداریی VP دا هەڵدەواسرێن. ئەمەش وادەكات، فرێزە ئاوەڵكرداریيەكان لەناو دروستەی ڕستەدا جێكەوتەی چەسپاویان نەبێت، بەڵكو بەپێچەوانەوە جوڵان‌و جێگۆڕكێپێكردنیان ئازاد بێت.

٣. ئاوەڵكرداره فەرهەنگییەكان Adv٠، ژمارەیان كەم‌و سنوردارە، بۆیە پۆلەڕەگەزەكانی دیكەی وەك (N٠، A٠)ەكان پەیوەست بە هەبوونی هەردوو مەرجی سیمانتیكیی‌و سینتاكسییەوە، وەك ئەلتەرناتیڤی ئەم توخمانە، دەركەوتنی سینتاكسییانەی فرێزی ئاوەڵكرداریيان دەبێت، جێبەجێكردنی ئەو دوو مەرجەش، پەیوەست بەو زانیارییانەوە، كە لە ناواخنی ئاوەڵكرداری فەرهەنگییدا هەن، بەرهەمهێنانی فرێزی ئاوەڵكرداریيئاسا مسۆگەردەكەن.

٤. پەیوەست بە خاڵی (٣)وە، پابەندبوون بە مەرجە سیمانتیكییەكەوە، دەرفەتی گۆكردنی دروستەكە لە جێكەوتەی سینتاكسیی ئاوەڵكرداردا دەڕەخسێنێت، بەو واتایەی كاتێك پۆلەڕەگەزەكانی دیكە دەركەوتنی ئاوەڵكرداریيان دەبێت، كە سیمانتیكییانە پەیكاڵی فیچەرەكانی ئاوەڵكردارە فەرهەنگییەكان بن. بۆ ئەمەش، ئەو كەرەستانەی لە بنەڕەتدا فیچەری سیمانتیكیی ئاوەڵكرداریيان تێدایە، تەنها ڕێگادانی سینتاكسییان لە جێكەوتەی ئاوەڵكرداردا بۆ دەستەبەردەكرێت، بەڵام ئەو پۆلەڕەگەزانەی، فیچەری ئاوەڵكرداریيان تێدا نییە، بەهۆی هەردوو پێواژۆی سینتاكسییانەو مۆرفۆلۆژییانەوە، سیمانتیكییانە دیسپلیندەكرێن، تاوەكو گۆڕینی فیچەری واتاییان بۆ فیچەری ئاوەڵكرداریی تێدا ڕوو بدات، بەجۆرێك: (١) لەسینتاكسدا بە خستنەسەری ناوە ئاوەڵكرداریيەكانی /ژێر، سەر، بەرامبەر، تەنیشت...هتد/، یاخود بەهۆی پاشگرە سینتاكسییەكانی /_دا، _ەوە/وە دەبێت. (٢) پێواژۆی مۆرفۆلۆژییانەش، پێڕەوبەندانەو بەپێی یاسا، فۆرمی نوێ هەڵدەگوێزێت، بەوەش دەركردەی پێواژۆ مۆرفۆلۆژییەكە زانیاریی نوێی بە واتای ئاوەڵكرداریيەوە تێدا دەبێت، ئەوكات پاش ملكەچبوون بە مەرجە واتاییەكەوە، دەركردەكە ڕێگەیدەدرێت لە جێكەوتەی ئاوەڵكرداردا گۆكردنی سینتاكسیی هەبێت.

٥. ئەگەر سینتاكس كۆنكرێتكەری زانیاریی‌و واتا هەبووەكانی ناو فەرهەنگ بێت، ئەوا پشتڕاستی ئەو بۆچوونە دەكاتەوە، كە فەرهەنگ بنەماو مەرجەعی بنچینەیی زانیارییە نوێنراوەكانە لە بیچمی دروستەی سینتاكسییدا، ئەمەش ئەوەمان پێدەڵێت، كە ئاوەڵكرداری سینتاكسیی‌Adv-، وابەستەی زانیاریی ناواخنی ئاوەڵكردارە فەرهەنگییەكان دەبێت.

پەراوێزەکان:

١. سـەربار لـەڕووی سینتاکسـەوە لادەبرێـت، چونکـە لابردنـی، نابێتـە هـۆی نارێزمانـی بـوون. محەمـەد عومـەر عـەول (٢٠٠٨: ٢٧). هـەروەك لـەم توێژینەوەیەشـدا، /سـەربار/ بەواتـای /سەرپشـکیی/ بەکارهێـنراوە، کەچیـی بـە بۆچوونـی هەندێـك توێـژەر، سـەربار ئـەو سـەگمێنتە وابەسـتانەی کـرداری لێکـدراون (یـان دارێـژراون)، کـە لەنـاو ڕسـتەدا لـە بناغـە کرداریەکانیـان جیادەبنـەوەو جێکەوتـەی ئارگومێنتێـك ناگـرن. ئـارام ڕەشـید مەجیـد (٢٠١٦: ١٠٦). ئەمـەش پێچەوانـەی واتـای سەرپشـکیی دەگەیەنێـت، چونکـە بوونێکـی خورتیـی _نـەك سەرپشـکیی_ بـە هەبوونـی کەرەسـتەکە دەدات.

٢. محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢١٧)

٣_ ا. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١: ٣٩)، فۆڕمەکانی /زوو، درەنگ/ بە ئاوەڵناو دادەنێت.

ب. جگـە لـە فۆڕمەکانـی /زوو، درەنـگ/، ئەدڤێربەکانـی /هێشـتا، دیسـان، خۆزگـە، ڕەنگـە، کاشـکی، هەڵبـەت، هەرگیز،...هتـد/و پێشـگرە سینتاکسـییەکانی /ڕۆ_ هـەڵ_ دا_/یـش، بەهـۆی بەخشـینی واتـای ئاڕاسـتەکردنی شـوێنەوە، وەك ئەدڤێربـڵ گۆدەکـەن. بـۆ زانیاریـی زیاتـر، بڕوانـە: سـەرچاوەی پێشـوو، ٢٧

٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٤)

٥. MATTHEWS, P. (٢٠٠٧: ١٠)

٦. WEKKER, H. & HAEGEMAN, L. (١٩٩٦: ٦١)

٧. Baker, A. & Hengeveld, K. (٢٠١٢: ١٤٦)

٨. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٦٨-٢٦٩)

٩. سەرچاوەی پێشوو، ٢٦٤

١٠. بشڕوانە: عرفان مستەفا (٢٠٠٣: ٣٦)

١١. Baker, A. & Hengeveld, K. (٢٠١٢: ٢١٤)

١٢. محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢١٩)

١٣. بەبۆچوونـی ئـازاد ئەحمـەد حسـەین (٢٠٠١: ٢٩)، یەکێـك لـە تایبەتمەندییەکانـی فرێـزە ئەدڤێربڵییـەکان ئەوەیـە، کـە وشـە ئەدڤێربـەکان لـە زمانـی کوردیـدا نیشـانەی تایبەتیـی مۆرفۆلۆژییـان نییـە.

١٤. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠٩: ٢٩)

١٥. Aarts, B. (٢٠٠١: ٢١)

١٦. Bussmann, H. (٢٠٠٦: ٢١)

١٧. بەپێـی هەندێـك بۆچـوون، فرێـزە ئەدڤێربڵییەکانـی (کات، شـوێن، چۆنێتیـی) لـەو جۆرانـەن، کـە لـە گۆکردنـی سـەرباریياندا، فرێـزی کرداریـی فراواندەکـەن‌و دەرکەوتنیـان پشـت بـە واتـاو جـۆری کـردار، لەگـەڵ ڕۆڵ‌و واتـای بکـەر دەبەسـتێت. بڕوانـە: ئـازاد ئەحمـەد حسـەین (٢٠٠١: ٣٥)

١٨. نـاوی گشـتیی جێـگا (name of place ١) وەك (شـار، لادێ،...)، نـاوی تایبەتیـی جێـگاش (name of place ٢) وەك (سـلێمانی، هەولێـر، کۆیـە،...) ئەمانـە لـەو ناوانـەن، کـە دەتوانـن ببنـە یەکێـك لـە ئارگومێنتـە داواکراوەکانی کـردار. ئەمـەش ئـەوە دەگەیەنێت، کـە خاوەنـی دۆخـی ڕێزمانیـی بکەریی‌و بەرکارییـن. بڕوانـە: عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـرووف (٢٠١٢: ٢٨٠)

١٩. بـە بۆچوونـی هەندێـك توێـژەر، فـۆڕمی /لـە سـەر/ بـە پریپۆزیشـنی لێکـدراو لەقەڵەمدەدرێـت. ئـازاد ئەحمـەد حسـەین (٢٠٠١: ٤٣)

٢٠. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠: ٥٧)
٢١. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٦٢)، ئەو ئاوەڵکردارانەی دروستەی PP یان هەن، بە (ئاوەڵکرداری دەستەواژەیی) دادەنێت، پێشیوایە، ئەمجۆرە ئاوەڵکردارانە، بەیاریدەی پێشبەندو پاشبەند سازدەبن، لەم رووەشەوە پەیوەست بە پاشگری سینتاکسیی /_دا/وە، (لەماڵدا، لەکتێبدا، لەگیرفاندا}ی بە نموونە هێناوەتەوە.
٢٢. «/_دا/ لەگەڵ فرێزی پێشناویی سەرپشکییدا، بۆ دیارییکردنی کات و شوێن و بۆ هاوڕێیەتییکردن لەگەڵ پێشناوی /لەگەڵ، لەتەك/دا، دێن». محەمەدی مەحویی و ئەوانی تر (٢٠١٠: ٦٥)
٢٣. محەمەدی مەحویی (٢٠١٠: ٤٦)
٢٤. سەرچاوەی پێشوو
٢٥. سەرچاوەی پێشوو
٢٦. بۆ دەستخستنی زانیاریی لەم بارەیەوە، بڕوانە: عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢: ٢٨٦).
٢٧. محەمەدی مەحویی (٢٠١١: ٢٢٣)، هاوکات بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٣٨)، نەریمان خۆشناو (٢٠١٢: ١٤٦)
٢٨. وێڕای ئەوەی لەڕووی واتاوە، فیچەری (+چۆنێتیی) بنەمای بەرهەمهێنانی ئاوەڵکرداری سینتاکسییە، لەگەڵئەوەشدا بەڵگەنەویستە ئاوەڵکردار تایبەت بە پەسنکردن و خستنەڕووی ئەدگاری ڕوودانی کردارەکە گۆدەکات، بەوەش دەبێتە دەرخەری لایەنێکی کردارەکە، جیاواز لە ئاوەڵناو، کە وەك دەرخەری فرێزی ناویی/ دیارخەریی، گۆدەکات.
٢٩_ ا. جگە لە پاشگری /_انە/، دەتوانرێت مۆرفیمەکانی /_ئاسا/، /وەك/ بۆ هەمان مەبەستی پێدانی نیشانەی ئاوەڵناویی بە ناوی گشتیی، بەکاربهێنرێن. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف (٢٠١٠: ٧١).
ب. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٥٨) بۆچوونی وایە، پاشگری /_انە/ دەچێتە سەر ناوو ئاوەڵناوی سادەو دەیانکاتە ئاوەڵکرداری داڕێژراو. لەکاتێکدا شیکردنەوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەخەنەڕوو، پێواژۆی لکاندنی مۆرفیمی /_انە/ بە (ناو)ەوە، کە بەهۆی مۆرفۆلۆژیی وشەدروستکردنەوە جێبەجێدەکرێت، دەرکردەکەی (ئاوەڵناو) دەبێت، نەك (ئاوەڵکردار).
٣٠. پاشگری /_انە/ هەندێکجار لەگەڵ پۆلەڕەگەزی جیاوازدا یەکدەگرێت و ناوی داڕێژراو هەڵدەگوێزێت، هەروەك وشەکانی /جەژنانە، پاکانە/ بەڵگەی ئەم ڕاستییەن. بڕوانە: ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩: ١٢٤).
٣١. بەگشتی ئەو ئاوەڵناوانەی، ئارگومێنت_داواکراوەکانیان فیچەری (+مرۆڤ)یان هەن، بۆئەوەی وەك ئاوەڵکردار ڕووبدەن، دەبێت مۆرفۆلۆژییانە بەهۆی لاگری /_انە/وە لەئاوەڵناوبخرێن و ئەو توانا سینتاکسییەیان پێبدرێت. بڕوانە: }دڵسۆزانە، ڕاستگۆیانە، شەرمنانە، بوێرانە، سەربەرزانە، ئازایانە،...تاد{، بەپێچەوانەوە ئەو ئاوەڵناوانەی، ئارگومێنت بە فیچەری ]±مرۆڤ[ وە داوادەکەن، تەنها هەبوونی فیچەری (+چۆنێتیی)تێیاندا، بەسە بۆئەوەی هەردوو گۆکردنەکەیان هەبێت، بڕوانە /جوان، باش، چاك، خۆش، پیس...تاد/.
٣٢. لە زمانی ئینگلیزییشدا، پاشگری /_ly/ مۆرفۆلۆژییانە توانای گۆڕینی پۆلەڕەگەزی بناغەی هەیە، بە بەڵگەی ئەوەی دەرکردەی پێواژۆی هەڵگواستنەکە، لە پۆلەڕەگەزی ئاوەڵناو، یان ئاوەڵکردار دەبێت، بۆ نموونە فۆڕمەکانی /manly، daily/ واتای ئاوەڵناوییان هەن، کەچیی هەمان ئەم فۆڕمانە بەپێی جێکەوتەکانیان، گۆکردنی فرێزی ئاوەڵکرداریان دەبێت. (٢٠٠٤: ٢٣١) BAKER, M.، هەروەك ئەوەش خراوەتەڕوو، کە ئاوەڵکردارەکان بە پاشگری /_ly/یەوە، بریتین لە ئاوەڵناوەکان. سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٢. هاوکات بڕوانە ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی /quickly/و بە {soon} بەراوردییکە Crystal, D. (٢٠٠٣: ١٣)
٣٣. فرێزە هێڵ_بەژێرداهاتووەکەی (٢٤_ب) سیمانتیکییانە پەیکاڵی فرێزی پێشناویی }وەك + تەواوکەر{ە، بڕوانە ڕستەی <ئەڤین وەك کوڕ بە ڕێگادا دەڕۆیشت>و بە (٢٤_ب) بەراوردییکە، کە تێیاندا فرێزەکانی }کوڕانە، وەك کوڕ{ وێڕای جیاوازیی دروستەییان، لەڕووی سینتاکسییەوە هەمان حوکمی ئاوەڵکرداریان هەن.

٣٤. لەزمانی ئینگلیزییشدا، فۆرمەکانی /early, fast, hard, kindly, late/ هەردوو گۆکردنی ئاوەڵناویی و ئاوەڵکردارییشیان هەن. WEKKER, H. & HAEGEMAN, L. (١٩٩٦: ٦١)

٣٥_ ا. هەندێکجار تەرزی دووبارەکردنەوە بۆ هەمان فۆرم لە مۆرفۆلۆژییشدا روودەدات، بەوەش دەرکردەکە پەیکاڵی لێکسیمێکی فەرهەنگیی دەبێت، بڕوانە:/دەستاودەست/: /ئاڵوگۆڕ/، /سەرانسەر/: /هەموو/، /پشتاوپشت/: /نەوەبەنەوە/، /لێوانلێو/: /پڕ/، /هەزاربەهەزار/: /سەخت/.

ب. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨: ١٦٠)، بۆ لێکدانی ئەم کەرتانە، چەند مۆرفیمێکی وەك /_او_، _ەو_، بە، .../ دیاریدەکات و بە (ناوبەند)یان دادەنێت.

٣٦. گە ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥: ٦٩)

## لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| ئـ | |
| ئاوەڵکردارئاسا | Adverbial |
| ئاوەڵکرداری سینتاکسیی | Syntactic adverb |
| ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی | Lexical adverb |
| پ | |
| پۆلەرەگەزدیاریکردنی فەرهەنگیی | Lexical Sub categorization |
| پێش_رستەیی | Pre sentence |
| پێکهاتەی واتایی | Semantic component |
| پێواژۆ | Process |
| ج | |
| جێکەوتەی سینتاکسیی | Syntactic position |
| ر | |
| ڕێسای پرۆژەسازدان | Projection Principle |
| ڕێسای پرۆژەسازدانی فراوانکراو | Extended Projection Principle |
| ڕێککەوتن | Agreement |
| س | |
| سەربار | Adjunct |
| سەرپشکیی | Optional |
| سەری ڕێزمانیی | Grammatical head |
| ف | |
| فرێزی ئەرکیی | Functional phrase |
| فرێزی تاف | Tense phrase |
| فرێزی ڕێککەوتن | Agreement phrase |
| فرێزی کرداریی | Verb phrase |
| گ | |
| گواستنەوە | Transformation |
| ن | |
| نواندن | Representation |
| نۆد | Node |
| و | |
| وەچە پێکهاتە | Sub constituent |
| وشەی بەدەسەڵات | Individual word |

## لیستی کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| A٠ | ئاوەڵناو |
| -Ap/A | فرێزی ئاوەڵناویی |
| Adv0 | ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی |
| Advp/Adv- | فرێزی ئاوەڵکرداریی |
| Agr0 | ڕێککەوتن |
| Agr-/AGRP | فرێزی ڕێککەوتن |
| D0 | دیارخەر |
| DP /D- | فرێزی دیارخەریی |
| N0 | ناو |
| P | پێشناوی فەرهەنگیی |
| PP | فرێزی پێشناویی |
| Ss | پاشگری سینتاکسیی |
| Spec | سپێك |
| T0 | تاف |
| TP /T- | فرێزی تاف |
| V0 | کرداری فەرهەنگیی/ ڕەگ |
| VP /V- | فرێزی کرداریی |
| X0 | توخمی فەرهەنگیی |

## سەرچاوەکان

### بەزمانی کوردی:

ا- کتێب:

١. ئـازاد ئەحمـەد حسـەین (٢٠٠٩)، سینتاکسـی کـرداری لێکـدراو لـە شـێوەزاری هەورامیـدا، لەبڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی ڕۆشـنبیریی هەورامـان، چاپخانـەی یـاد، (ب.ش.).

٢. ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف (١٩٧٩)، ڕێزمانـی کـوردی، _مۆرفۆلۆژی_نـاو ، بەرگـی یەکـەم، بەشـی یەکـەم، چاپخانـەی کـۆڕی زانیـاری عێـراق، بەغـدا.

٣. ئەوڕەحمانـی حاجـی مـارف (١٩٩٨)، ڕێزمانـی کـوردی، _وشەسـازی_ ژمارەو ئاوەڵکـردار، بەرگـی یەکـەم، بەشـی چـوارەم، دەزگای ڕۆشـنبیریو بڵاوکردنـەوەی کـوردی، بەغـدا.

٤. عەبدولجەبـار مسـتەفا مەعـروف (٢٠١٠)، دروسـتەی فرێـز لەزمانـی کوردیـدا، لـە بڵاوکراوەکانـی مەڵبەنـدی کوردۆلۆجـی، سـلێمانی.

٥. محەمـەدی مەحویـی (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیـی و بەیەکداچوونـی پێکهاتـەکان مۆرفۆلۆژیـی کوردیـی، زانکـۆی سـلێمانیی، بەرگـی یەکهـەم، سـلێمانیی.

٦. محەمەدی مەحویی (٢٠١١)، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکهەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

٧. محەمەدی مەحوییو ئەوانی تر (٢٠١٠)، دروستەی کردار_بنەماو دیاردە، زانکۆی سلێمانیی، سلێمانیی.

٨. نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو (٢٠١٢)، ڕێزمانی کوردی (کرمانجی ناوەڕاستو کرمانجی سەروو)، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

ب. نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):

٩. ئارام ڕەشید مەجید (٢٠١٦)، دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فرێزی کردارییدا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

١٠. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١)، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١١. ئومێد بەرزان برزۆ (٢٠١٠)، مۆرفۆسینتاکسو دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٢. گە ڕەحیم ڕەشید (٢٠١٥)، ڕۆنانی فرێز لە زاری کرمانجیی ناوەڕاستو کرمانجیی ژوورودا، نامەی ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

١٣. عرفان مستەفا حمە ڕحیم (٢٠٠٣)، ڕستەی ئاوێتە لەزاری سلێمانیو هەورامیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٤. محەمەد عومەر عەول (٢٠٠٨)، کردەی تەواوکردن لە کرمانجیی خواروودا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

پ. گۆڤار:

١٥. عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف (٢٠١٢)، ئاوەڵکردار لە فەرهەنگو سینتاکسی زمانی کوردییدا، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٢٤).

**بە زمانی ئینگلیزیی:**

١٦. Aarts, B. (٢٠٠١), English Syntax and Argumentation, Second Edition, Palgrave.

١٧. BAKER, M. (٢٠٠٤), Lexical Categories Verbs, Nouns, and Adjectives, CAMBRIDGE STUDIES IN LINGUISTICS, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

١٨. Baker, A. & Hengeveld, K. (٢٠١٢), Linguistics, first published, WILEY BLACKWELL.

١٩. Bussmann, H. T: Trauth, G. & Kazzazi, K. (٢٠٠٦), Routledge Dictionary of Language and Linguistics, Taylor & Francis.

٢٠. Crystal, D. (٢٠٠٣) A dictionary of Linguistics and phonetics, ٥th edition, Black well: Oxford.

٢١. MATTHEWS, P. H. (٢٠٠٧), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.

٢٢. WEKKER, H. & HWEGEMAN, L. (١٩٩٦), A MODERN COURSE IN ENGLISH SYNTAX, ROUTLEDGE, London, New York.

**پێگەی ئەلیکترۆنیی:**

٢٣. http://people.bu.edu/bfraser/EDM%٢٠Papers/Carston%٢٠-%٢٠Introduction%٢٠to%٢٠Coordination.pdf

ملخص البحث

إنّ بحثنا هذا بعنوان (الظرف في اللُّغة الكورديّة) يكون خطوة لبيان الَاسس التي تُنتج منها الصيغ الحالية في التركيب النحوي، حيث إنّ هذه الَاسس تلتزم بتحديد دلالة الحال المعجمية ومكانها، ولغرض استنتاجات البحث استخدمت واختبرت فقط في بحثنا أنواع محددة من الحال مثل (الوقتية ، المكانية، الكيفية)، وجدير بالذكر أن الَاصناف الَاخري مثل (الاسم والصفة) قد تستعمل كأحوال في التراكيب النحوية وذلك بسبب السمات الدلالية الحالية التي يدل عليها كل من الاسم والصفة بحسب مجيئها في الجملة، أما الَاسماو والصفات التي لا توجد فيها السمات الحالية، فانه من الممكن أن نستعملها كالحال، وذلك عن طريق إعطاو السمات الدلالية الصرفية والنحوية أي من خلال تغيير صيغهما الصرفية والتراكيب النحوية، وبذلك نستطيع أن نسدّ الفراغات المعجمية التي أنشأت بسبب عدم وجود الصيغ الحالية البحتة في التراكيب النحوية.

## Abstract

This research under the title of 'Adverb Phrases in Kurdish shows the principles based on which syntactic structures of adverbial phrases in Kurdish are generated. The principles are based on specifying the meaning and the position of lexical items. To do this, only adverbs of time, place, and manner are used as data to come to the conclusions. Its worth mentioning that some other parts of speech such as 'nouns and 'adjectives can directly take the position of adverbs due to their adverb features. As to those that do not enjoy adverb features, assigning semantic features through morphological and syntactic processes provides the chance of syntactic function for the outputs of derivational structures/generated syntactic structures to take the position of adverbs. This syntactically bridges the lexical gaps that exist thanks to lack of lexical items with adverb meaning.